رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپو بلاو کردنەوەی
کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية

بغداد – شارع الجمهورية – ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

هاوکاری

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

(٨) لاپەرە
نرخی
(٢٥) فلس
لە (دار الحرية)
چاپ ئەکرێ

ژمارە (٢٤٣) ٢٢-١١-١٩٧٤

مامۆستا میشیل عفلق بەغدای بەجێ هێشت

رۆژی ٢٠ – ١١ دوای سەردانێکی سێ رۆژی مامۆستا میشیل عفلق ئەمینداری گشتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بەغدای بەجێ هێشت . وە لە فرۆکەخانەش لەلایەن مامۆستا شبلی عیسمی یاریدەداری ئەمینداری گشتی حزبو ماموستا صدام حسین جێگری سکرتیری سەرکردایەتی قطریو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و ژمارەیەکی ئەندامانی هەردوو سەرکردایەتی نەتەوەیی و قطریەوە بەڕێ کرا .


ئا٠د٠ع

هورست زندرمان : میللی کردنی کومپانیای نەوتی عیراق کارێکی شۆرشگێرانە بوو

گاناد احمد

دوژمن هێزێکی گەورەی لە سەر سنوری سوریا مۆڵ داوە .





لەسەرداخوازی ماموستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش پاش نیوەڕۆی دووشەممە ١٨ – ١١ بەرێز هورست زندرمان سەرەک وەزیرانی کۆماری دیموکراتی ئەڵمانیا بەسەردانێکی چوار ڕۆژی گەیشتە بەغدا ، بەرێز زندرمان وەفدێکی لەگەلایە لەم ئەندامانە پێکهاتووە : بەرێز کینترکلایبر ئەندامی پالێوراوی مەکتەبی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی پارتی سوشیالیستی یەکگرتوی ئەڵمانیاو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وە پرۆفیسور دکتور گرینهاید سکرتیری لیژنەی زانستی کشانی دەوڵەتو دکتور کلاوس فیللر دنیك جێگری وەزیری دەرەوەو بەرێز فریدمار کلاوسنیستر جێگری وەزیری پەیوەندی ئابووری دەرەوەچند ئەندامێکی تر .

وە سەر لەئێوارەش ماموستا صدام لەبارەگاکەیاندا لەئەنجومەنی نیشتمانی پێشوازی وەفدی میوانیان کردو هەردوولا لە دیدەنی یەکەدا باسی پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەردوو ووڵاتو چونیەتی پەرەپێدانیان کرد . وە ئێوارەی ١٩–١١ ماموستا شبلی عیسمی یاریدەدەری ئەمینداری گشتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب پێشوازی بەرێز سەرەوەزیرانی ئەڵمانیای دیموکراتی کرد وە لەدیدەنی یەکدا کە نزیکەی سەعاتێکی خایاند باسی پەیوەندی نێوان پارتی بەعسو پارتی سوشیالیستی یەکگرتوی ئەڵمانیاوچونیەتی بەتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان .

هەردوو پارتیو گەلی عەرەبو ئەڵمانیا کرا .

وەرۆژی ٢٠–١١ سەرەکوەزیرانی ئەڵمانیا سەری لە شاری کەرکووك داو گەشتێکی بەناو شاردا کردو ئنجا دیدەنی کۆمپانیای کاروباری نەوتی عیراقیان کردو لە بارەگای کۆمپانیاکەدا بەرێز هورست زندرمان وتارێکی خوێندەوە تیایدا وتی : بریارەکەی سەرکردایەتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دەربارەی میللی کردنی کاروباری (کومپانیای نەوتی عیراق) دەستێکی توندبوو لە بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزم لەناوچەکەدا وەشینەراو هەروەها لەخویدا کارێکی گەورەی شۆرشگێرانە بوو .

سەر لەئێوارەش بەرێز سەرەکوەزیرانی ئەڵمانیای دیموکرات لە کۆشکی بەغدا ئاهەنگێکی نانخواردنی بۆ ماموستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش سازکرد .

ئا٠د٠ع

سەرکۆمار نامەیەکی بۆ پادشای ئەردەن نارد

لەگەڵ مەلیك حسێن داکۆبۆوەو نامەیەکی سەرکۆماری پێگەیاند .. ئنجا چاوی بەکاك زید الرفاعی سەرەك وەزیران کەوت .

نامەکەش دەربارەی پەیوەندی نێوانعەرەبو ئێران و عیراقو ئێرانە ، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە حەوتەمین کۆنگرەی بەرزی – ربـاط – دا پادشاو سەرۆکانی عەرەب لەو مەسەلەیەیان کۆتێبڕوە .

ئا٠د٠ع



کۆچی دوایی هزالهجو خێزانی سەرکۆمار

ڕۆژی ١٧–١١ بلاوکرایەوە کە خێزانی سەرکۆمار بەرێز کاك احمد حسن بکر دوای نەخۆشیەك کە هیچ چارەسەر کردنێك سوودی نەبوو کۆچی دوایی کرد .. ئیمەش لەکاتێکدا کە دڵتەنگیو غەمباری خۆمان دەرئەبڕین داوا لە خـوای بەخشندە ئەکەین کە بی بەخشێو سەبووری سەرۆکی فەرمانـدە بداتـەوە .. وە لە سـەعات ٥ر١٢ی هەمان ڕۆژدا تـەرمی خوالێخوشبو لە گۆرسـتانی (الکرخ) لە ناوچەی (الحصـوه)لە نزیك (فلوجـە) نیژرا .

وە لە ناشتنی تەرمەکـەدا بەرێز ماموستا شبلی عیسـمی یاریدەدەری ئەمینداری گشتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو ماموستا صدام حسین جێگری سەرۆکی سەرکردایەتی شورشو کاك طه محی الدین معروف جێگری سەرکۆمارو بەرێزان ئەندامانی سەرکردایەتی نەتـەوەیی و ئەندامانی ئەنجومـەنی ، سەرکردایەتی شـورشو ئەندامانی سەرکردایەتی قطریووەزیرانو نوێنـەری بەرەی نیشـتمانیو نەتـەوەیی ئاسکەوتن خوازو چـەند کاربەدەستێکی تر بەشـداربوون . وە لە ئەنجومـەنی نیشتمانیدا بۆ ماوەی سـێ ڕۆژ تەعزیەی بۆ دانرا .

ئا٠د٠ع

مانگرتنی کرێکارانی فەلەستین

ڕۆژی ١٩–١١ نزیکـەی ١٠٠ هەزار کرێکاری فەرەنسا خۆپێشاندانێکی گەورەیان لـەشەقامەکانی پاریس سـازکرد بۆ پشتگیری کردنی ئـەو ٢١ ملیون کرێکارەی بۆ نارەزایی دەربڕین دژی ئەو بەرنامەیـەی دەست بەمەسـرەفەوەگرتن – التقشف – مانیـان گرتبوکە لەم دواییەدا حکـومەتی فەرەنسا بڵاوی کردەوە .

ئاژانسی دەنگوباسـی ڕۆیتەر ئەڵێ : خۆپێشاندانەکە لە مەیدانی پاریسەوە دەسـتی پێکرد ٢٠٠ سالیش لەمەوبەر ئاگری شورشی فەرەنسا لـەمەیدانەوە گلپەی کـرد .. وە لەپێشـەوەی خۆپێشـاندەران جورج سیگوی و ئەدمۆند مایێ ڕابەرانی هەردوو نەقابەکـەی ئەو خۆپێشاندانەیان ڕێکخستوە ئەڕۆیشـتن . خۆپێشاندەران چەندین دروشمیان بەرزکرد بۆوە تیایاندا نارەزایی خۆیـان دەربڕی دژی ئەو سیاسـەتە ئابوریەی ئێستا کە حکومـەتی فەرەنسا گرتویەتیەبەر . وە لە ئەنجامی ئـەو خۆپێشاندانەوە کاروباری پاریسو چـەنـد شارێـکی تروەسـتاوەوشەمەنەفەرو کارەباو فروکـەخانەو بانقەکانیش پەکیـان کەوتوە .

ڕۆیتەر

هێزەکـانی ڕژێمی سیئول دەست دڕێژی ئەکەنە سـەر خاکی کۆریای دیموکـرات

پیۆنـگ یانگ : ڕۆژی ١٦–١١ ئاژانسی دەنگو باسی کۆریای دیموکرات بـڵاوی کردەوە کە ئەناوچەی چەکـدا ماڵراودا هێزێکی لەشـکری ڕژێمی سـیئول (کۆریای خوارو) تەقەیان لەسەربازگەیەکی لەشکری کۆریای دیموکرات کردوەو تەقـەو تۆپ بارانەکەش ناوچـەی کوهواری گرتۆتەوەو تەقـە نزیکەی سەعاتێکو بیسـت دەقیقە بەردەوام بووە .

ئاژانسی ناوبراو وتـی : ئەو دەست دڕێژیەی ڕژێمی سیئول ئەیکاتە سەر خـاکی کۆریای دیموکرات هێرشـێکی تیستیفزازیانەیەو بۆ ئـەوەیە کەلی کوریا نەپڕژێتە سـەر خەباتکردن دژی فاشیزمەکانو ئەوە لە خەلکی بشارێتەوە کـە هێزەکانی ئیمپریالیـزمی ئەمەریکا بەشـی خواروی کۆریایان داگیر کردوە .

– ئاژانسەکان –

پرۆگـرامی ناوخۆیی ئەنجومەنی یاسـا دانانی ناوچـەی کوردستان

بڕیار وایە کـە لە ٤ی مانگی ئایندەدا ئەنجومـەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان لە کۆبیتەوە بۆ بڕیاردان لـە سەر دوا شێوەی پرۆگـرامی ناوخۆیی ئەنجومەنو بـەرز کردنەوە بۆ لایەنە خـاوەن پەیوەندیەکان بۆ ئـەوەی پەسندبکرێت .

ئەوەی شایانی باسە ماوەیەك لەمەوبەر لیژنەیەکی تایبەتی شیوەی ئەو پروگرامەی ئامادە کردبـوو وە ڕۆژی ١٦–١١ ئەنجومەنی ناوبراو لـە کۆبونەوەیەکیدا لە هەولێـر بڕیاری دا کە ماوەی دە ڕۆژ تەرخان بکرێت بۆ لێکۆلینەوەی ئەو پرۆگرامە .

ئا٠د٠ع

فیداکارانی فەلەستین لەناوچەرگەی بیسـاندەست لە دوژمن ئەوەشێنن

ڕۆژی سێ شەمـەی ڕابـوردوو ١٩–١١ سەرلەنوێ فیداکارانی عەرەب بەتونـدی دەستیان لە سەهیونی دوژمن وەشاندو ترس و لەرزێـکی زۆریان خستەدڵیەوە ، ئـەوە بوو چوار فیداکاری فەلەستین خۆیان گەیاندە شاری بیسـان لە غەزای ئەردەنو دەسـتیان بەسەر بینایەکدا گـرتو ئەوبینایە بارەگای ئەفسەڕاتی استخباراتی دوژمن بوو .. وە لە بینـاکەدا چەند ئەفسـەڕو سەربازێکیان بەدیل گـرتو لەبەرامبەر بەرەڵلاکـردنی ، ئەودیلانەدا فیداکاران داوایان لە دوژمن کرد کە ١٤ کەسیان بۆ بەرەڵلا بکات و لەمانـە قەشـمە کابۆچێرە . بەڵام دوژمن بەتەنگ ئەو داواکاریەوە نەهات و فیداکاران ناچار بوون ئەو بینایە هەڵتەکێنن کـە دەستیان بەسەرا گرتبوو ، وە لە ئەنجامی ئەمەدا هـەر چوار فیداکارەکە شـەهید بوون وە بەپێی هـەواڵی سەرکردایەتی عەسـکەری دوژمن سێ سەهیونی کوژراون و ١٨ی تر بریندار بـوون .. بەیانناممەیەکی فیداکاران وتـی ئەو هێرشە دڵێرانەیە لەلایـەن دەستەی شەهید صقـر عبدالعزیزەوە کـراوەو فیداکارانی ئەمانەی خوارەوە بوون :–

نقیب محمد ابو دیەو علی ابـو دردو جمال ابو الیـل و فیداکارێکی تر کە ناری ئاشکرا نەکراوە . وە ئەو چـوارەدە کەسەکە داوای بە ڕەڵلاکردنیان کەردن ئەمانەبوون :–

١ – مطران هیلاریـون کابوچی ٢ – عمر قاسم ٣ – محمد ابو وعر ٤ – انیـس دولە ٥ – فاطمە برناوی ٦ – ولیم نصار ٧ – مریم شخشیر ٨ – کمال نمیری – ٩ حاتم شنار ١٠ – عائشە عـودە ١١ – عبدالرحیم جابـر ١٢ – عبدالله کسپار ١٣ – خالـد محمود یاسین ١٤ – شوقی علی شحرور .

وە ڕۆژی ١٨ – ١١ چەند سەرچاوەیەکی دوژمـن ڕایانگەیاند کە بە کۆمەکـی پسپۆڕانی عەسکەری ئەمەریکا نەخشەیەك دانراو بۆ ئـەوەی بەخێـرایی و بەرێـگای ، ئاسمانیـەوە چەك و تفاقـی تازە بگەیەنرێتە تەل ئەبیت .

لەلایەکی تریشەوە وابـوو بە چوار ڕۆژو سـەهیونیەکان شەڕ لە ناوەکـانی – طوری – ی هێزێکی گەورەیان لەسـەر سنوری سوریا کۆکردۆتەوە ، وە ڕۆژنامـەی – معاریـف – نوسیبوی کە جوزیف سیسکو بەناوی ئەمەریکاوە بەڵێنـی داوە کە ئەگەر سەرلەنـوێ شەڕ لە نێوان عـەرەبو ئیسرائیلدا هەڵگیرسێتەوە ئەوا « واشنتۆن ناچارە یارمەتـی ئیسرائیل بدات »وە جەنـەراڵ موردەخای گور سـوپاسالاری دوژمن ڕایگەیاند کە یاسـای باری نائاسایی (الطوارئ) لەنێو لەشـکردا بەردەوام ئەبێت تاوەکو سوریا قایـل ئەبێ بەوەی ماوەی مانـەوەی هێزەکـانی – طوری – ی دەوڵەتان لەبەرزاییەکـانی ، سوریا درێژتر ئەکرێتەوە .

ئاژانسەکان







institut kurde de paris

ژیانی دانیشتوانی دورگەی «کیش» چۆنە؟



درندەیی ئیمپریالیزم بەردیش دەهێنێتە گۆ

کاسۆلیکەکانی ئێتنامی‌خوارو٠٠ هەر ئەو کۆمەلەن کە١٠ی‌ی دانیشتوانو پال پشتی دوێنی‌ژێیمێ ئەمۆی ئۆکەرانی ئەمەریکابوون لە ئێتنامی‌خواروودا ، جولانەوەی هووم کە جولانەوەی « بوزیە »کانە٠٠ ئەمانیش دووبارە لەسالی ١٩٦٣ دا باشترین کوتەکی دەستی ئیمپریالیزمەکان بوون بۆ روخاندنی رژێمی کۆنی « دیم »کە لەهەموو رویەکەوە وچەل بوو بوو ٠

بەڵام بێ دەسەلاتی (سیو)وئەوپەری بەردن کەچۆ دڵسۆزی‌و لەئاستی‌ئیمپریالیزمی‌ئەمەریکا ٠٠ وای لێ‌کردەهەرگیز بیر لە قازانجو بەختیاری‌وسەربەستی گەل‌و وولانی ئێتنامی خواروو نەکاتەوە ٠٠هەر ئەم‌باوەرە تاریکەشی بوو پاڵی پێوە ناپشت یکاتە ئەوبرستێنی‌و رەشۆ رووتی‌ی لە وڵاتا هەیەو چاو بنوقێنی‌بەرامبەر هەموو تالانو بڕۆیەك کەلەلایەن شەر کەرو داگیرکەرانەوە ئەکرێت ٠

بەڵی ئەم هۆیانەو سەرنەکەوتنی ریکەوتنو پەیمانی ناشتی لە ئێتناما کە لەپارس‌مۆرکرا دوای ٢٠ مانگ ٠٠ بوونە هۆی ئەوەی کە هەموو ئاینێکو باوەرێکی جیاوازی وەك کاسۆلیکو بوزی‌و جەنگاوەرانی پێشوو رۆژنامەچی‌و خەڵکی ساده لەسەر ریگایەك کۆبکاتەوەو بێنە سەر شەقامەکانو خۆیان پیشان بدەن‌و ئالای‌روخاندنی رژێمی « سیو »ی ئۆکەرو دەرکردنی داگیرکەرەشەراویەکان هەڵگرن‌و تەنانەت پۆلیسەکانیش وایان لێ‌بێت‌دڵیان نەیەت بەتاستەم دەست لەم خۆپیشاندانە بوەشێنن ٠

ئەم خۆپیشاندانەش کە ئەمرۆ هەموو شەقامەکانی ئێتنامی خواروی گرتۆتەوە ٠٠لەژێر سەرکردایەتی « تران هو »ی قەشەی کاسۆلیکەکانی‌ئەمەن (٥٩) سالیدا بەرەو ئەبرێ ٠٠ ئەم هەڵوێستە بەنرخەی قەشەی ناوبراو بێجگە لەپیاوی ئاینزو ژنە زیوانەبوزیەکان ئەوڕەی قەشەکانی « سایگۆن ٠٠ نگۆن فان نتە »شی بەویەری توانیاوە لەگەڵە ٠


ئەوەی شایەنی باسە ئیمپریالیزمەکان ئەو کاتە بشت‌گیری ئۆکەرەکانیان ئەکەن‌کە ئیشیان پێ‌یانەو دەستیان ئەروات ٠٠ بەڵام ئایا هیچ‌شتێك هەیە بتوانی لەبەردەمی ئەو هێزەی میللەت‌دا خۆی‌رابگرێ کە ئاسۆی بەختیاری‌و رووناکی خۆی دیوە ؟

ئیمپریالیزمەکان بەهۆی‌ژێمی لاوازی « سیو » وە دوا کوتەکی بێ‌هێزی خۆیان‌بەسەری‌گەلی ئێتنامی‌خواروی تێکوشەردا ئەکێشن ٠٠ بەڵام راپەرین‌وکۆل نەدانی‌میللەتانی چەوساوەو ژێردەستە لەمەیدانی ئازادی‌وبەختیاری دا دەری خستوە کە درۆزن هەریەك جار ناشتاتەکات‌و راستی بەشی سەر کەوتنە ٠

مەجید نەدیم

نەخشەی «ئیگل بوڵ»ی پەنتاگۆنو پاشە ڕۆژی مەسەلەی کە مبۆدیا

ئەو سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکانەی لەشکری گەل‌و پارتیزانو جەنگاوەرانی کەمبودیا بەسەر هێزەکانی ڕێژیمی بەکرێ‌گیراوی لون‌نول‌دا بەدەستی دێنن ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو کۆنەپەرست‌و ئالقەلەگۆی‌و ڕێژیمە دەست‌نێژەکانی ناڕەحەت‌کردوەو ترس‌و لەرزی پاشەڕۆژو مانەوەیان دای‌گرنوون ٠٠ مەسەلەی لانوس تاڕادەیەك بەتێشکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو ڕاستپەوو کۆنەپەرستان ، بەلایەکداخرا ، گەلی ئێتنام دوای خەباتێکی سەختی دژێژخایەن دوژمنی بەزاند ٠٠ ئیمپرۆکەش شۆڕشگێڕانی کەمبودیا لەهەموو لایەکەوە ئابلۆقەی دوژمنیان داوەو شار لەدوای شارو ناوچە لەدوای ناوچە ڕزگاری‌ئەکەن‌و هێزی بەکرێ‌گیراوانی لێ دەڕئەکەن٠٠ وە تاکە ناوچە کە بەتەواوەتی بەدەست ڕێژیمی لۆن نۆلەوە ماوە فنوم‌پنی پایتەختەوە دەوروپشتی‌یەتی ٠٠ بەگوێرەی‌ڕاپۆرتی ئاژانسەکانی دەنگو باسیش شۆڕشگێڕان هێزێکی‌زۆریان لە هەریمی فنوم‌پن کۆکردۆتەوە٠٠ جالەو حالەتەداپایتەخت کەدوا مولگای دوژمنە ئەگەر ڕزگارکرا ٠٠ هەڵوێستی‌ئیمپریالیزمی ئەمەریکا سەبارەت بە کەمبۆدیاو تێکرای ناوچەی‌خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا چی ئەبێ ؟! ئایا سەرلەنوێ هێزەکانی پەنتاگۆن‌بۆ لەفریاکەوتنی ڕێژیمی لون نول هێرش‌ئەبەنەوەسەر فنوم پن‌و خاکی کەمبودیا یان نا ؟!



وەلام دانەوەی ئەو پرسیارانە پێویست بەوە ئەکات کە بەکورتی باسی ئەو نەخشەیە بکەین کە لەم دواییەدا ئامێکراو بووەو بەنتاگۆن داینلوە ٠٠ کەرانە نەو نەخشەیە چی‌یەو کەی دانراوەو ئایا لە نوانادا هەیە جی‌بەجێ‌بکرێ یان نا ؟! وە ئەگەر جی‌بەجێ‌کرا ئەنجامەکەی چی ئەبێت ؟!٠

نەخشەی
ئیگل بول

پەنتاگۆن زۆر دەمێکە بیری لەوە کردۆتەوە کە ئەگەر فنوم‌پن کەوتەدەست شۆڕشگیران‌و کەمبودیای لەدەست‌چووو چی‌بکات ٠٠ چونکە ئەوەی بۆ ساغ بۆتەوە کە ئەو هەموو یارمەتیە ئابوری‌و عەسکەری‌یەی ئەمەریکا بۆ لون‌نۆلی ئەنێری بەتەنیا تێشکان‌و بەزینی ئەو ڕێژیمە دەست‌کردە تۆزی دواڵەخات‌و ناتوانێ تۆزقالێك لەوزەو توانای گەلی کەمبودیا

بروانە ل ـ٧ـ

ژیانی دانیشتوانی دورگەی «کیش» چۆنە؟

ڕێبوار

ئاوی دێنەوە دەڕێ لەهۆش خۆی چوە ٠٠

هەر لۆتکەیەکی ١ تا ٢ مایلی گەرانەوە لانی کەم ٢ یا ٣ مایلی پێدەچی‌و بکرە زیاتریش ٠ جا مەگەر کارەساتیک ڕوبدا کە زورتر لە ماوەی دیاری‌کراو بکەڕیتەوە ٠ ئەو نینسانانە هەقیان نیە لەبەیانیەوە تا نیوارە هیچ بخۆن ٠ لیرسراوی لۆتکە هیچیان نادات ٠ خواردنیان ئێوارەو ئێوارە دەدرێتی‌و ئەوخواردنەش جگە لە خورما ، ماسی سوێرو برنج بەوڵاوە نیە ٠٠لە نێو لۆتکەکەدا ، تاقمێك کرێکاری پیر ، سەدەفەکانی وەدەست هێنراویان دەکوتن‌و مراوی دەدڕێنن ٠ مراوی خەلیجیش لە دنیادا بەنیوبانگە ٠ وا ڕێ دەکەوێ کە مراوی‌یەکی ئەورە ، قازانجیکی‌زۆرو زەبەند بەتاجری مراوی دەگەیەنی ٠ هەڵ دەکەوێ کە لە دەڕیا دە دەرینەوە بارە خەزینە بۆ خاوەن لۆتکە دێنەوە ٠ بەڵام ئەوکرێ‌گرتانە بۆ خۆیان چیان دەست دەکەوێ ؟٠

لەپێش وەڕێ کەوتنی‌لۆتکەکە ، کابرای تاجری مراوی ١٠٠٠ ـ تا ١٥٠٠ تمەن پارە بەقەرز دەدا بە مەلەوانەکان‌و بۆ ماوەی ٢ـ٣ مانگ بەکرێیان دەگرێ ٠ ئەوبارە ڕوژانە نیە ٠ ئەوە قەرزیکە کە دراویانەتێ ٠ ئەگەر ئەو لۆتکە بەگۆڵە خەزینەیەکەوە گەڕایەوە ، ڕاوچی‌و مەلەوانەکانیش قەرزەکەیان لەگەڵ کابرای تاجار پێکەل بیك دەکەن ٠ بەڵام ئەگەر ماتوداهاتی سەفەرەکەیان کورتی هێنا ، دەبێ دیسانەکە بکەڕێنەوە ناو دەریا ٠ ئەگەر هەر بەدەستیانەوە نەهات جارێکی تر ٠ ئینسانی‌وەو تۆ هەن کە ماوەی ٢٠ ساڵە قەرزداری تاجری مراوین ٠ ئەگەر ڕاوچی هێزو توانایی نەماو پیربوو کۆرەکەی لەجیاتی ئیران بابی ئەو کارە ڕەچاو دەکاو بۆشەبەر ، وەرازاوەیان ، لە کۆشکی تایبەتی‌دا بۆ پیك هێنا لەو میوانیەدا شازن جلێکی جوان‌و ڕەنگینی گولی میخەك لەبەردابوو و کولاوێکیشی هەر لە وچە شنە لەسەردابو ٠ دوائالقە گوارەی لە ئەلماس و مرواری نایەبی لە گوێدابوون ٠ نیو ئەلماسی لەسەر سەری ڕۆنابوو دەدرەوشا ٠ وەسبەی شەوێ ڕاشازن لەگەل « موسلین » لە تەنشت نیکسون دانیشت کە هەزارو یەك مرواری گەورەو بچوکی بەسنگ‌و بەرۆك‌و قەدوبالای خویەوە هەلاوەسیبوو ئەوجارە نیوتانجێکی تری بەسەرەوە بوو ، کە لە نێو ئەو نیوتانجەدا ، گەورەترین ئەلماسی سوڕەتی لە ڕەنگی دنیا بریقەی دەدا ، گوارەکانی گوێچکی ئەوەندە گەورە بوون کە شلکەی گوێیان داچڕاندبوو ٠ بریقە بریقی ئەلماسی‌و مرواری لەدەم‌و چاوو بەرۆکی ، چاویان لەبەر هەڵنەدەهات ٠ گومانی تیدانیە کە ئەو زیرو جەواهیرانە ، نیکسۆنی وەعەجایب خستبو ٠

بەڵام شازن بڕچی دەیەویست واخوی بنوێنێ ؟ ئایا دەیەویست وا بنوێنێ کە بڵی : « شۆڕشی» میردەکەی هەمو ژنانی ئیران وەك شازن دەولەمەند کردوەو ئاوا ڕێك‌و پیکن ؟! زۆرێ دەچی مراوەیە زلەکانی کیش شاهەنشایان‌بۆ ئەولایەڕاکیشاوە یا تلالوی تەڵای شیخەکان ؟٠ بێ وەمان هەرکیان » ٠

ئەوەی کە لەسەرەوە باس کرا حەقیقەتیکی زور تالە کە گەلانی ئیران‌بەگوشت‌و پیستیان هەستی پێدەکەن‌و دەزانن کە تا شا ، شابێ‌و هووەیدا سەرەك وەزیر بێ لەوە باشتر چاوەڕوان ناکرێ ٠ جا بۆ ئەوەی باس دەرکەوێ کە شاو بنەمالەی پاشایەتی ، لەچ نازو نیعمەتیکدا دەژین‌و فەیرو ـ هەژارانیش چۆن ژیانی بەرچەمسەرەو کۆیرەوەری پەسەردەبەن ، باش وایە بزانین کە شازن بەرەنجی شانی خۆی ، چەندی زیرو خەواهیرات پەیداکردوە !٠ بۆ نمونەی راستی‌و دروستی لیرەدا پیوێستە « ناشنال اینسایدر » بەشاهیدبینینەوە کە دەنوسێ : لە پوشپەری ١٣٥١ ـ ١٩٧٢دا نیکسۆن بو بەمیوانی شای ئێران ، شەوی دەی مانگی بەناوی قەرزو قۆڵەو سەرمایەدەستمایەشەوە گەمارۆی ئابوری ولاتیان داوە٠ دوای سەرژمێرێك‌دەرکەوتووە کە (٦٩٦) فابریقەو کۆمپانیاو دەزگای پیشەسازی ئیتالیا (٢٠٠) هەزار کەس ئیشیان تیادا بۆ پیك هێنا لەو میوانیەدا شازن جلێکی جوان‌و ڕەنگینی گولی میخەك لەبەردابوو و کولاوێکیشی هەر لە وچە شنە لەسەردابو ٠ دوائالقە گوارەی لە ئەلماس و مرواری نایەبی لە گوێدابوون ٠ نیو ئەلماسی لەسەر سەری ڕۆنابوو دەدرەوشا ٠ وەسبەی شەوێ ڕاشازن لەگەل « موسلین » لە تەنشت نیکسون دانیشت کە هەزارو یەك مرواری گەورەو بچوکی بەسنگ‌و بەرۆك‌و قەدوبالای خویەوە هەلاوەسیبوو ئەوجارە نیوتانجێکی تری بەسەرەوە بوو ، کە لە نێو ئەو نیوتانجەدا ، گەورەترین ئەلماسی سوڕەتی لە ڕەنگی دنیا بریقەی دەدا ، گوارەکانی گوێچکی ئەوەندە گەورە بوون کە شلکەی گوێیان داچڕاندبوو ٠ بریقە بریقی ئەلماسی‌و مرواری لەدەم‌و چاوو بەرۆکی ، چاویان لەبەر هەڵنەدەهات ٠ گومانی تیدانیە کە ئەو زیرو جەواهیرانە ، نیکسۆنی وەعەجایب خستبو ٠

بەڵام شازن بڕچی دەیەویست واخوی بنوێنێ ؟ ئایا دەیەویست وا بنوێنێ کە بڵی : « شۆڕشی» میردەکەی هەمو ژنانی ئیران وەك شازن دەولەمەند کردوەو ئاوا ڕێك‌و پیکن ؟! زۆرێ دەچی

بەم نیشانەیە بوو پێ !

کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی ئەمەریکا

دەست بەسەر ئابوری ئیتالیادا ئەگرن

ڕۆما : ئەدن : گۆڤاری (بانومارا) کە لە ئیتالیا دەرئەچێ لە ژمارەی ڕۆژی ١٢ی‌تشرینی دووەمی ئەمسالدا ڕاپۆرتێکی گرنگی دەربارەی ئەوەورە عەسکەری‌و ئابوری‌یە بلاو کردۆتەوە کە پەنتاگۆن‌و دەزگا جاسوسی‌و کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی ئیمپریا‌لیزمی ئەمەریکا لەولاتی ئیتالیادا ئەیگێڕن جا لەبەر گرنگی ئەوڕاپۆرتە هەروەکو ئاژانسی (ئەدن) بلاوی‌کردەوە وائەیخەینە بەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویستی هاوکاری ٠

ئاژانسی (ئەدن) بەو جۆرەباسی ئەو مەسەلەیە ئەکات ٠٠ گۆڤاری بانوراما لەژێرناونیشانی « وزەو دەسەلاتی ئابوری‌و عەسکەری ئەمەریکا بەجۆرێ لەئیتالیادا تەشەبەی کردوەو زیادبووە هەرەشەلەسەربەخۆیی ئیتالیا ئەکات‌و مەترسی خستۆتە دلی ئاگادارانی‌سیاسی ڕۆماوە » ٠

گۆڤارەکە وتویە ، سەرەڕای‌ئەوەی کە فابریقەو کۆمپانیا مۆنوپولەکانی ئەمەریکا لوتیان‌ژەنیوەتە ئابوری ئیتالیاوە ٠٠ بەناوی قەرزو قۆڵەو سەرمایەدەستمایەشەوە گەمارۆی ئابوری ولاتیان داوە٠ دوای سەرژمێرێك‌دەرکەوتووە کە (٦٩٦) فابریقەو کۆمپانیاو دەزگای پیشەسازی ئیتالیا (٢٠٠) هەزار کەس ئیشیان تیادا بۆ پیك هێنا لەو ڕاستەوخۆ سەربەئەمەریکان‌و لەلایەن دەزگاکانی واشنتۆنەوە ئاراستە ئەکرێن ٠

بانوراما دوای ئەمە دێتە سەرمەسەلەی عەسکەری‌و دەڵێ : ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاهێزێکی گەورەی عەسکەری لەئیتالیادا هەیەو وەکو دەرکەوتوە پتر لە دە هەزار سەربازی ئەمەریکا لەبنکە عەسکەریەتازەکانی ئیتالیادان‌و لەمانە بنکەیەکی هێزی ئاسمانی‌و دووبنکەی دەریایی ٠

وە لەو بنکانەدا کە تارادەیەك بەدەست ئەمەریکاون ،سارۆخی ئاسمانی هەیە (کە لەئاسمانەوە بۆ ئاسمان ئەتەقێنرێ‌و نوکەکەیان ئۆتومی پیوەیە) وە لەبەندەرەکانیش‌دا شەش غەواصەی ئۆتومی کە سارۆخی‌ئۆتومی‌یان پێ‌یە لەنکەریان بەستوە ٠٠ جگە لەمانەش‌اسطولێکی ئاسمانی ئەمەریکایی لەوولاتەدا هەیەو باشترین‌شەبەکەی رادارو جهازی‌شەڕیان پێ‌یە کەبەهیچ جورێك نەزیرچاودێری ڕێژیمی ئیتالیادا نین ٠

ئاژانسی دەنگوباسی‌ئەلمانیای دیموکرات (ئەدن) لەسەر باسەکە ئەروات‌و دەڵێ ،بەگوێرەی ڕاپورتی گۆڤارەکە گەورەترین بنکەی هێزی‌ئاسمانی ئەمەریکا لەئیتالیادا بنکەی (٦٥٠ ی٠ن٠ی) یە کەلەنزیك سنوری نەمساوەیەو پێ‌یەتی لەفرۆکەی قانتۆم ٠ئەوبنکەیە راستەوخۆ پەیوەندی بەو بنکانەی ئەمەریکاوە هەیە کە لەئەلمانیای ڕۆژئاوادان‌و کاتی‌خۆی تیایاندا مەشق بەو فرۆکەوانانە ئەکرا کە بۆ جەنگی ڤیتنام ئامادەئەکران ٠

هەروەها پاپۆرەکانی اسطولی‌شەشەمی ئەمەریکا بەئارەزوی خۆیان لەئاوی هەریمایەتی (اقلیمی) ئیتالیادا دێن‌و دەچن‌وە بنکەیەکی تری ئاسمانیش لە دورگەی (صقلیە) داهەیە ٠٠ ئەو اسطولەش‌هەرچەندە پەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆی بە پەیمانی‌ئەتلەسی‌یەوە نیە ٠٠ بەڵام دەرگای بەندەرەکانی ئیتالیایان‌بۆ خراوەتە سەرپشت ٠ لەکۆتاییدا گۆڤارەکە ئەڵێ : ئەواسطولە لەدوو فرۆکەهەڵگرو ٢٠ (بارجە)و پێنج پاپوری سەربازدا‌گرتن‌و ١٥٠فرۆکەی شەڕکەرو ١٧٠٠ سەربازی دەریایی پێکهاتووە ٠

Institut kurde de paris

وتاری چوارەم

بابزانین چی لە دەکات و ٥

هەروەک لە وتاری سێیەمدا ئاچاربووم سەردێڕی وتارەکە بگۆڕم ، بەپێی ئەم ئەسڵەی کەپێویستە لەنووسینەدا لەبەرچاوبیگری کە (سەردێڕی وتار دەبێ وەڵامدەری ناوەرۆکی وتارەکەبێ) ، ئەم جارەش سەردێڕەکەم گۆڕی .

لەوتاری سێیەمدا نووسیبووم: دێمە سەرباسی بۆچوونی کاک دڵشاد لەبارەی ئەدەب و ئەرکی ئەدیب و شاعیرو رەخنەگرەوە . بەڵام ویستم زۆربەلە نەکەمو جارێکی تریش باسەکەوە سەر ناوەرۆکی وتاری « بیری سەربەست » ڕەتکردنەوەیەکی بێشەکیەکەی دیوانەکەی هێمن ، بابزانین کاک دڵشاد چ شتێک لەبێشەکیەکەی « باریکەو ڕوون » ، نووسراوی زانای بەڕێز دوکتور قاسملوو ڕەتدەکاتەوە .

ئەگەر چاو بەوتارەکەی مامۆستا دڵشاددا بخشێنین ، بەراستی هیچمان بەرچاو ناکەوێ کەڕەتکرابێتەوە . نووسەر بەڵێنیدابوو کە لەبەشی دووهەمی وتارەکەیدا ، کە دابوایە هەردوابەدوای بەشی هەوەڵ نووسراباو بڵاوکرابایەوە .. بۆخوێندەوار ئاشکرا بکاکە « مەبەستی لە هەڵوەشاندنەوەی کام بۆچوونانەی قاسملو ـ وە » .. بەڵام لەناوەرۆکی وتارەکەو شێوەی بۆچوونی نووسەرڕا کە کورتی بکەینەوە ، تەنیا دوو شتمان بۆ دەردەکەوێ . یەکەمیان ئەوەیە کە کاک دڵشاد زۆربەووەی مایدۆزە کە ڕەخنەگر بەرای ئەدیب و خوێنەری بەرووڕای سیاسیی و تێکۆشانی بەپرێزی سیاسییەوە هەبێ ! بۆوەشە ئەوەیە کە زۆر بەو (٩٠) هەزارەی ماندووە کە دوکتور قاسملوو وێستوویەتی بەهۆی پێشەکیەکەی نوێ دەستنیشانیان بکا ! بزانین دوکتور قاسملوو لەپێشەکی دیوانەکەی مامۆستا هێمنی شاعیردا چی گوتوە کەوا بۆتەهۆی ئەوە نووسەرێکی وەک مامۆستا دڵشاد باسک لەڕەتکردنەوەی هەڵەمانی و پتر لەنیوەلاپەڕێکی ڕۆژنامەی هاوکاری لەسەر ڕەشکاتەوەو دیارنەبێ :

لە لاپەڕی (الف)دا دوکتور قاسملوو دەنووسێ : « هێمن ، عاشقی کێشوو تەلاێو بەندەێو بەردی کوردستانە .. لەناسینو کوردی لە کوردستانی ئێران ناساندنی تەبیعەتی کوردستانو جوانیەکانیدا شایستایە» .دیارە لەو لاپەڕەدا بەپێچەوانە نووسینی کاک دڵشاد باسی « بەرگریلێ نردن و ڕزگاربوون » نیە . باسی واقیعیەتێکە کە لە شێعرەکانی هێمندا خۆی دەنوێنێ . باسی ئەو دیمەنەیە کەتەنیا شێعری وەکوو « بەهاری کوردستان » و « بەهاری لادێ »ی مامۆستا هێمن دەتوانێ ئاوا بەخوێنەری بناسێنێ . خوێنەرێک کە بەدرێژایی تەمەنی چاوی بە لادێی کوردستان نەکەوتبێ :

عەزیزم تۆ وەرەڕە کەچاو
لەجوانی نابێ تێر
بەبیستە خاوو کیابەندن هەڵاڵەو
سوێسنێ شلێر
لەلایەک زاوەکانەدروا ، لەلایەکی دەکەن هاوێر
لەلایەک باسکی هەڵماڵیەوە بێری ، مەڕەکا هاوێر
دەبینی دیمەنی واجوان لەنو بازاڕی پرئازار ؟

دوکتور قاسملوو ئەو دیمەنە واقیعیە لەشێعرەکانی شاعیردا دەبینێو دەنووسێ :

« هێمن لەگەل تەبیعەت وەرگرتوە » .

بەڵام ئەگەر بچینە لاپەڕی (ب) مەعلووم نیە کاک دڵشاد بۆچی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ڕەخنەگرێک بنووسێ « کورد نەتەوەیەکی زۆرلێکراوەو مافی خۆراوە » ؟ بۆچی لەوە دەترسێ کە بگوترێ « شاعیر ئاوەزووی ئەوەیە کوزد لەستەمی نەتەوایەتی دا ڕزگاربێ » ؟

بۆچی پێی وایە کە زمانی هەڵبژاردەی ئەدەبی ئاڵۆز و تەلاێو بەکەڵکی ئەم هاتووە کە ئاڵۆزی و تەلاێی ژیانی هەبێ ، ئەگەر بزانم لە ڕەخنەگرێکی ئەدەبی دەوێ ئەوە بڵێ کە ئەو شێوازە ئاڵۆزە بۆچی هاتووە

هاوکاری

وڵات له‌ هه‌فته‌یه‌کدا


ژماره‌ (٢٤٣) ٢٢-١١-١٩٧٤

ملیۆنێك دینار بۆ پڕۆژه‌ی پۆسته‌و پەیوەندی کردنی مەرکەزی حوکمی زاتی گشتی لەسلێمانی بە ٦٠٠ هەزار دینار بڕەوامە

هێشتا ئیشی دروست کردنی خەستەخانەی سەرچاوەیەك بەڕایەتی (مەبانی گشتی) دوێنێ بەنوێنەری ڕۆژنامەی « الثورە »ی ڕاگەیاندوە کە ٩٠٪ی ئیشی خەستەخانەکەی سلیمانی تەواو بووەو چاوەڕوانیش ئەکرێ لەنەورۆزی داهاتوودا هەمووی تەواو ببێت .

ئەم خەستەخانەیەش بریتیە لەچوار نهۆم لە گەل نهۆمێك کەلەزەوی‌دا یەو بریتیە لە چەند دەستەیەك بۆ « باطنی‌و جراح »ی ومندالوئافرەت وە بە فراوانی ٢٢٨ قەرەوێلە جێی بێتەوە لەگەل چوار هۆڵی گەورەی عەملیات‌ودووهۆڵی بچوکی عەملیات کردنی لێدروست ئەکرێن .

هەروەها خەستەخانەکەش بریتیە لەبەشی بەڕێوەبەرایەتی‌وزاتیەو ئەشعەو موختەبەرو تەحلیلی نەخۆشی‌و ئەجزاخانەومەخزەنی دەرمانو هۆڵی گەورەی چاوەروان کردن‌و عیادەی دەرەوە کە ١٢٠٠ نەخۆش لە ڕۆژێکا بگرێ .



وەك باسکراوە ئەنجومەنی نەخشەکێشان لەم دواییە بریاری داوە کە ملیونێك دینار تەرخان بکرێ لەچوارچێوەی ئەو بەرنامەی بەرهەم هێنانەی ئێستادا بۆفراوان کردنی خەستەخانەی ناوبراو بێجگە لەدەستەی تر بە بانایی ٢٠٠ قەرەوێلە لەگەل (٢٠) ژوور بۆ نەخۆشی تایبەتی .

وەزارەتی خەستەخانەی ئری وای لەپارێزگاکانی بەغداو بابل‌و کەربەلاو دیالە تەواو کردوە هەر وەك چۆن (١٠) خەستەخانەی نموزەجی گشتی تر لە پارێزگاکانی هەولێرو کەرکوك‌و ئەنبارو واسط‌و قادسیەو زی‌قارو میسان‌و ناوچەی کازمیە لەبەغدای نوێ لەپارێزگای بەغدا جێ بەجێ ئەکرێ بە (٢٠) ملیون‌و (٢٠٠) هەزار دینار .

٧٠ ملیۆن دینار بۆگەورەترین پڕۆژەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

کاك طه‌ جەزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش وزیری پیشەسازی

هەفتەی ڕابردوو لە وەزارەتی پیشەسازی دا پەیمانێکی (ئیف . ئیل سمیدث)ی‌دروست‌کردنی پڕۆژەی چیمەنتۆی کوفە لەگەل کۆمپانیای‌دانمارکی مۆرکرد ، وە ئەم پڕۆژەیەش ٧٠ ملیون دینارێ‌ئەچێت‌و وزەی بەرهەم هێنانیشی لە سالێك دا دوومیلیون تەن چیمەنتۆ ئەبێت . وە پڕۆژەکەش لە چوار فرن پێك‌دێ‌کە فروانی هەریەکێکیان هەزارو ٥٠٠ تەن کلنکر ئەبێت .

وە فرنی یەکەم دوای (٣٥)مانگ ئەکەوێتە ئیش‌کردن وە فرنەکانی تر لە کۆتایی ساڵی١٩٧٨ بەرهەمیان ئەچێتە بازارەوە .

بە دوای تەواو بوونی ئەم پڕۆژەیە (١٠٠٠) کرێکارو تەکنیکی‌و بەڕێوەبەر تیایدا ئەتوانن ئیش‌بکەن جگە لەوەی کە پێویستیەکانی وەزارەت‌مسۆگەر ئەکات .

وە ئەم پڕۆژەیەش بەڕێکای ئاسێینی بەغدا - بەسرا نەبەستێتەوە وە ئەوەی شایەنی‌باسە وەزارەتی پیشەسازی لەم ساڵەدا پەیمانی‌دروست‌کردنی (٣) پڕۆژەی گەورەی مۆرکردووە کە وەرەی بەرهەمهێنانی هەریەکێکیان لە ساڵێك دا (٣) ملیۆن‌و٥٠٠ر٠٠٠ تەن ئەبێت .

بەروەردەی هەولێرو "٧٠" دینار

یەکێك لە گیرو گرفتەکانی چەسپاندن‌و پێشخستنی خوێندنی کوردی مەسەلەی چاپ‌کردن‌و گەیشتنی کتێبی کوردیە بە دەست منداڵانی‌کورد٠٠ بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە هەندێ لە مامۆستایانی کورد پەروەردەی هەولێری زۆریان داوە لەگەل کاربەدەستانی بەڕێوەبەرێتی‌ی‌گشتی‌ی خوێندنی کوردی کە زوو چاپ بکرێت ، یا هەر ڕنەبێت بەفۆرمە - ملزمە - بۆ قوتابخانەکان ڕەوانە بکرێت‌پاش سەراوو دراوێکی زۆر کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتی‌گشتی‌ی خوێندنی کوردی بەر یاریان‌دا کەوا بە فۆرمیش ئەم‌بریارە پاش تەقەلایەکی تایبەتی فەرمانبەرێکی تایبەتی بۆ بەغدا بنێررا ٠٠ پاش ئەوەی ئەم کتێبانەی پێویست بوو هەمووی‌ئامادەکراوە ئەبی بە ئونۆمۆبیلێکی لۆری بۆ هەولێر بگوازرێتەوە ، وەکو ئەزانین ئەمڕۆکە بەگشتی هەموشتێك لە نرخی جاران گرانترە لەمانە کرێی ئوتۆمبێلیش ٠٠خاوەن ئوتومبێلەکان بە عەرمانبەری نێراو ئەلێن کرێ‌کەی(٧٠) دینار دەکات ٠٠ مامۆستای بەڕێز دەست بەجێ‌بۆ هەولێر دەکەڕێتەوە چونکە کرێی ئوتۆمبیلەکە لە ساڵانی‌ڕابوردوو گرانترە !! واتە لەوانەیە هەر (٢٠) دینارێك‌جیاوازی هەبێت ٠٠

بەڵام لەوە سەیر تر ئەوەیە کاربەدەستانی پەروەردەی هەولێریش بەوەڕازی دەبن کەئوتۆمبێلی بە (٧٠) دیناری نەکرتوەو کتێبەکانی لەوێ‌جێ‌هێشتوە ؟!!

جا با منداڵانی کورد هەرچاوەڕێی کتێبی کوردی بکەن ، پەلە چیە ؟٠ ڕۆژوو شەوبەیەکتری دەگەنەوەو بەهەر چۆنێك بێت کاتی خوێندندەکوژرێ ٠٠!!

نێ‌بینی

تا نوسینی ئەم چەند دێڕە مەسەلەکە چاوەڕێی ڕەحمەتی ئوتۆمبێلێکی هەرزان یەبەلاشە !!

پەیامێنری هاوکاری لە هەولێر

١٠-١١-١٩٧٤

دووەم قۆناغی پڕۆژەی پەلەوەری هەولێر جێ بەجێ ئەکرێت

ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵ بریاری دا گە ئەو پارەی بۆ کەڵك وەرگرتن لەناوی ژێر زەوی تەرخان‌کراوە لە جیاتی ١٠ ملیون دینار بێت بە ٢٠ ملیون دینار .

وە ئەوەی شایەنی باسەوەزارەتی کشتوکاڵ داوای لە ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵ کردبوو کە ٨٧ ملیون دینار لەبەرنامەی پەرەپێدانی‌نەتەوەیی ساڵی (١٩٧٥ - ١٩٧٩) تەرخان بکات بۆ پڕۆژەی‌پەلەوەری هەولێر تەرخان بکات ٠٠

وە ئەم قۆناغە بریتی‌یە لەدروست‌کردنی شوێنی هەل هێنانی هێلکەو شوێنی سەرف‌کردنی ئاوی پیس‌و پڕۆژەی ئاوو کارەباو دروست کردنی(١٠٠) خانو بۆ فەرمانبەران‌و کرێکاران‌و بارەگای بەڕێوەبەرایەتی‌و گەراج‌و وەرشەی چاك‌کردنی ئوتومبیل .

وە وزەی بەرهەم هێنانی‌ساڵانەی ئەم پڕۆژەیە دوو ملیون‌و (٥٠٠) هەزار هێلکەوە ٥ ملیۆن مریشك ئەبێت‌وە (٣) ملیون‌و (٥٠٠) هەزار دیناری‌ێ‌ئەچێت .

وە لیژنەی ناوبراو (٥٠٠)هەزار دیناری‌بۆ دروست‌کردنی کارگەی ئالف ئاژەل تەرخان‌کردوە .

وە ئەوەی شایەنی باسە کۆمپانیای گشتی پەلەوەر (٣) پڕۆژەی پەلەوەری تر لەسلیمانی‌و کەرکوك نەینەوادا دروست ئەکات وە ١٠ ملیون‌و(٥٠٠) هەزار دیناریان بۆ تەرخان کراوەو بەرهەمیشیان‌لە ساڵێك دا ٧٠ ملیون هێلکە ئەبێت‌و دوای ساڵی١٩٧٥ تەواو ئەبن .

چاپکراوی نوێی گۆڤاری بەیان

هەفتەی ڕابوردوو ژمارە ١٩ـی گۆڤاری مانگانەی‌بەیان کەلە دەزگای هاوکاری‌یەوە دەرئەچێ کەوتە بازارەوە ٠ لە ژمارەی ئەمجارەدا ئەم بابەت‌و باس‌و تابلۆیانە بلاوکراونەتەوە

◉ هەردوو تابلۆی بەرگ لەبەرهەمی هونەرمەند محسن محمد امین .

◉ وتەی ژمارە .

◉ شیخ محی‌الدینی کەرکوك ماموستا حسین بەرزنجەیی نووسیویەتی .

◉ چۆنیەتی وشەسازی لە زمانی کوردی‌دا - ع.ع شەونم

◉ دزە تەلەفۆن - هەڵبەست - محمد مصطفی حمەبور - هۆشەنگ - .

◉ کۆمەلەی زەردەشت فتاح لەپێزووی کورددا - ئارام - .

◉ چۆن رابۆڕین - شاکر فەتاح .

◉ نیشتمان - هەڵبەست - ع.ح.ب (محمد حسین بەرزنجەیی) .

◉ کۆن‌و نوێ‌و شانۆی پێشڕەو - سعید زەنگەنە .

◉ لەپێناوی گەشەکردنی ڕەخنەی هاوچەرخدا - ئومێد ئاشنا .

◉ مەسیح ئاهەنگی جەژنی لەدایك بوون دەگێڕێ - چیرۆك - سالار محمد کردویە بە کوردی .

◉ قەلاکەی سرۆچك - ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجەیی .

◉ تۆلستۆی بۆ مرۆڤایەتی ئەدوێ - حەیدەر نانەکەلی .

◉ پەیکەر - چیرۆك عەبدوللا سەراج .

◉ بەیانم چۆن ئەوێ - ئەحمەد غەفور .

◉ لەبیرەوەری ڕۆشنبیرانی کورد ا - چوار وێنەی تیادا بلاوکراوەتەوە کە هی حەمدی‌و حەمەی بەگی بابان‌و زیوەر ئەفندی‌و گوران‌ی شاعیرە کە لەساڵی ١٩٢١دا گیراوە .

◉ هونەرمەندانی کورد وێنەی هونەرمەند محسن محمد امین لەگەل کورتەیەکی ژیانی بلاوکراوەتەوە .

بۆزانین

وەزارەتی ئاشغال‌و اسکان

بەڕیوەبەرایەتی گشتی ئاشغال

مناقصەی نهێنی ژمارە (٧٣/٧٧) بۆ دروست‌کردنی قوتابخانەی پیشەسازی لەهەولێر - پارێزگەی هەولێر .

بەمە ڕائەگەیەنین کە ئەو مناقصەیەی سەرەوە بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :

١ - ئیستیمارەکانی مەرجی مناقصەکە لە بەڕیوەبەرایەتی ئاشغالی پارێزگەی هەولێر بە (١٠) دە دینار دەست‌ئەکەوێ‌و ئەوپارەیە نادرێتەوە ، بەومەرجەی ئەو بەلێندەرەی قونتەراتەکەی پێ‌ئەسپێردرێ مەرجەگشتی‌و مواصفاتە فنی‌یەکان بکرێ .

٢ - دوا کاتی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە ٠٠ یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی سێ‌شەمەی ڕێکەوتی ٣-١٢-١٩٧٤ ئەبێ ، وە پێشکەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەبەڕیوەبەرایەتی گشتی ئاشغال - الحقوق والعقود - ئەکرێ ٠٠٠ وە درێژترین ماوەش بۆ تەواوکردنی ئیشەکە (٢٠) بیست مانگە .

٣ - ئەم شتانە لەگەل تەندەرەکاندا (العطاءات) پێشکەش ئەکرێن :-

أ - تەئمیناتێکی پێشەکی (٣٢٠٠ر-) سێ هەزارو دوو سەد دینار بێ بەشێوەی کەفالەتێکی مەسرەفی کە لەبەروارەی داخستنی مناقصەکەوە بۆماوەی شەش مانگ ئیش بکات یاخود چەکێکی تصدیق‌کراو .

ب - هەویەی ژووری بازرگانی لەگەل وەثیقەی بەڕیوەبەرایەتی باجی دەخل کە بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە .

ج - لیستەیەك لەبارەی ئەو کارانەوە کە لەمە ئەچن .

د - هەویەی تصنیفی بەلێندەران .

٤ - هەر تەندەرێك لەکاتی دیاری کراودا پێشکەش نەکرێ پشت‌گوێ ئەخرێ .

٥ - ئەم بەڕیوەبەرایەتیە مولزەم نیە بەوەرگرتنی نزمترین تەندەر یان هەر تەندەرێکی تر .

٦ - تەندەرەکان لەبەرچاوی قونتەرات‌چیەکان وە لەو کاتەی لەسەرەوە دیاری‌کراوە ئەکرێنەوە ئەنجامە سەرەتاییەکانیش لە لەوحەی ئیعلاناتدا بلاوئەکرێنەوە .

٧ - سزای دواکەوتن بۆ یەك ڕۆژ (٣٠) سی دینارو پێویستە لەسەر بەلێندەر کە مناقصەکەی پێ‌سپێردرا ئەندازیاریکی سەرپەرشتی‌کردن دیاری‌بکات .

عبدالوهاب المفتی

بەڕیوەبەری گشتی اشغال

٢-٢

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بڕیاری دانانی (٧٠٥) وەزیفەی تازەی دا

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دانانی ٧٠٥ وەزیفەی تازەی دا بۆلێ پرسراوی خواردەمەنی‌و سەرپەرشتی کار لە سەر میلاکی وەزارەتی تەندروستی دا ، لەگەل تەرخان کردنی پارەی پێویست لە بودجەی ئەمسالە دا ٠ وەبەپێی ئەم بڕیارە وەزارەتی تەندروستی دەرچوانی ئامۆژگای هونەری ناو مال (فنون البتیە) بەم ناوە دائەمەزرێنێ دوای ئەوەی کە دەورەیکی فێر بوون کە ماوەکەی سێ مانگە تەواو ئەکەن .

وە مەبەست لەم بڕیارەش ئەوەیە کە پیوێستی دەزگاکانی تەندروستی بۆ ئەم وەزیفانە مسۆگەر بکرێت .

١٠ ملیۆن دینار بۆ کرینی مەکینەو ئالەتی کشتوکاڵ

ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵ بریاری دا کە ١٠ ملیون دینار لە بەرنامەی بەرهەم هێنانی ساڵی ١٩٧٤ - ١٩٧٥ بۆ کڕینی مەکینەو ئالەتی کشتوکاڵ تەرخان بکرێت .

وە لیژنەیکی تایبەتی بۆ هێنانی پێوستیەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ کەبایی ٤ ملیون‌و ٥٠٠ هەزار دیناری پێك هێنرا .

ئەنجومەنی ناوبراو بەپێی ئەم بڕیارە ڕێگای دایەرەکانی کشتوکاڵ ئەدات بۆ ئەوەی بەپێی پێویستیان مەکینەو ئالەتی هەمە چەشنەی کشتوکاڵی لە دەرەوە بکڕن‌و بۆ ولاتی بهێنن .

بۆزانین

وەزارەتی اشغال‌و اسکان

بەڕیوەبەرایەتی گشتی اشغال

مناقصەی نهێنی ژمارە (١٨-٧٤) بۆ دروست‌کردنی خەستەخانەیەك لەقەزای تلکێف لەپارێزگەی نەینەوا کە جێگای ٢٤ قەڵەوێزەی تیدا ببێتەوە .

بەمە ڕائەگەیەنین کە ئەو مناقصە نهێنی‌یەی سەرەوە بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :-

١ - لیستەکانی مەرجی مناقصەکە لەبەڕیوەبەرایەتی اشغالی پارێزگەی نەینەوا یاخود لەبەڕیوەبەرایەتی گشتی اشغال بە (٥) پێنج دینار دەست‌ئەکەوێ‌و ئەو پارەیەش نادرێتەوە ، بەو مەرجەش بەلێندەرەکە کەئەو قونتەراتەی پێ‌سپێردرا مەرجی گشتی‌و مواصفاتە فنی‌یەکان بکڕێت .

٢ - دوا کاتی‌پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش سەعات دوانزەی ڕۆژی سێ‌شەمەی ڕێککەوتی ٣-١٢-١٩٧٤ ئەبێ‌و پێشکەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەبەڕیوەبەرایەتی گشتی اشغال - حقوق و عقود . وە ئەوپەڕی ماوەی تەواوکردنی کارەکە (١٥) پانزە مانگە .

٣ - تەندەرەکان ئەمانەی خوارەوەیان لەگەلا ئەبێت :

أ - تەئمیناتێکی سەرەتایی (١٨٥٠) هەزارو هەشت سەدو پەنجا دینار بەشێوەی کەفالەتێکی مەسرەفی کە لەکاتی داخستنی مناقصەکەوە بۆ ماوەی شەش مانگ کاربکات یاخود چەکێکی تصدیق‌کراو .

ب - هەویەی ژووری بازرگانی لەگەل وەثیقەی بەڕیوەبەرایەتی باجی دەخل کە بۆ ئەم ساڵ نوێ‌کرابێتەوە .

ج - لیستەیەك کە لەو کارانەبچێ .

د - هەویەی تصنیفی بەلێندەران .

٤ - هەر تەندەرێك لەکاتی دیاری‌کراودا پێشکەش نەکرێت پشت‌گوێ ئەخرێ .

٥ - ئەو بەڕیوەبەرایەتیە مولزەم نیە بەوەرگرتنی نزمترین عەتایان هەر عەتایەکی تر .

٦ - تەندەرەکان لەکاتی دیاری‌کراو لەسەرەوەداو لەبەر چاوی مناقصەکان ئەکرێنەوەو ئەنجامە سەرەتاییەکەش لەلوحەی ئیعلاناتدا بلاوئەکرێنەوە .

٧ - سزای دواخستن بۆ تەنیارۆژێك (٢٠) بیست دینارە . وە پێویستە بەلێندەر کاتی قونتەراتەکەی ئەدرێتێ ئەندازیاری سەرپەرشتی‌کار دەست‌نیشان بکات .

عبدالوهاب المفتی

بەڕیوەبەری گشتی اشغال

١-٢

لاپەڕە - ٤

ئەم هەفتەیە لە میژوودا

نەریمان

ئەم هەفتەیەمان کە لە ٢٣ تا ٢٩ی تشرینی دووەم ئەگرێتەوەو ڕێکەوتی ٨ تا ١٥ی ذو القعدەیە هەروەها ڕێکەوتەکەلەگەل ٢ تا ٨ی سەرماوزی کوردی ئەم روداوە گرنگانەی تیادا قەوماوە :

روداوی کوردی :

لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٣دا عەبدولەزاق بەدرخان یەکەم قوتابخانەی کوردی نوێی لە شاری (خوێ) لە کوردستانی ئێران دامەزراندوە بە (٢٩) قوتابی دەستی‌پێ‌کرا .

لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٣ دا لە ئاهەنگێکی گەورەدا لە کۆیە پەیکەری تەواوبوی حاجی قادری کۆیی پیشان‌درا .

روداوی عیراقی‌و عەرەبی :

لە ٣٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦١دا یەکێتی‌ی قوتابیانی نیشتمانی لە عیراق دامەزرا .

لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤ دا شاعیر بدر شاکر السیاب کۆچی دوایی‌کرد .

لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٦٥ دا شێخ محمد رضا الشبیبی کۆچی دوایی‌کرد .

لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠ دا کۆتایی بەشۆڕشی ساڵی بیست هات ، ئەم شۆڕشە چوارمانگ‌و ٢٧ ڕۆژی خایاندبو .

لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٢٧دا کۆلێجی پزیشکی عیراقی دامەزرا .

روداوی جیهانی :

لە ٢٣ی تشرینی دووەمی١٩٧١ دا سوپای هندستان هێرشی بردەسەر پاکستانی ڕۆژهەڵات‌و لەماوەی ٢٣ ڕۆژدا هەموی داگیرکرد .

لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٤٧دا دەوڵەتە سوێندخواردەکان لە تاران کۆبونەوەیەکیان گێڕا .

لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠دا ئەرمینیا لە داگیرکەران ڕزگاری بوو .

لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥ دا کۆماری یۆگوسلاڤی دامەزرا .

Institut Kurde de Paris

یەکەم رابەری مۆسیقالە کوردستان دا

ئامادەکردنی هۆشیار عبدالرحمن

پێش ئەوەی ئەم هونەرمەندە کۆڤیەر ، ئیمی دەمی سەمی بە خوێنەوارانی خۆشە ویست کۆڤیەر ۰

بناسێنم ئەمەوێ بۆتان روون بکەمەوە کەوا کاك (عەبدول واحید حاجی مستەفا) بە یەکەم مامۆستای مۆسیقا دا ئەنرێ لە کوردستان دا بەم بۆنەیەوە لە دانیشتنێکا لە گەل کاك عەبدول واحید چەند گفتو گۆیەکمان کرد لە بابەت زیانی و بەسەرهاتی و چۆنیەتی فێر بونی مۆسیقاوە ۰

ژیان و لەدایك بونی

لە ساڵی ۱۸۸٦ی زایینی لە شاری کۆیە لە دایك بووە ۰

وە لە ئەستەمبول بڕوانامەی کۆلێجی سەربازی (شهادە الکلیە العسکریە) وەر گرتووە بەشداری شەڕی جیهانی یەکەم و دووەمی کردوە وە لەم دوو شەڕەدا دوو جار بریندار کراوە ۰

ئەمە بەکورتی ژیانی مامۆستا عەبدول واحید لە دوایی دا ئەم پرسیارانەم لێ کرد ۰

پ : لە پێشا با بێینە سەر ئەمەی کەوا چۆن فێری مۆسیقا بویت ؟

و : لەو کاتەی من لە لەشکری عوسمانیەکان دا لە ئەستەمبۆل ئەفسەر بووم لە شەڕی جیهانی یەکەم من بریندار کرام وە لە نەخۆشخانەی ئەستەمبۆل تیمار ئەکرام لەو کاتەدا سوپای عوسمانی تیپێکی مۆسیقایی تایبەتی هەبوو لەم نەخۆشخانەیە کە پۆنە خۆش و بریندارەکان مۆسیقایان لێ ئەدا منیش هەر لەم کاتەوە زۆر مەیلم دا بە موسیقا تا وەکو زۆر بە چاکی فێرە مۆسیقا بووم ۰

پ : تۆ هەر لە ئەستەمبۆل مایەوە ؟

و : نەخێر ۰۰ بەڵکو لە دوای ماوەیەك گەڕامەوە بۆ عیراق وە منیان کرد بە سەرۆکی تیپی مۆسیقای سوپای عیراقی ۰

پ : تۆ لە چ شارێکی کوردستان دا مۆسیقا خەڵکت فێری کرد ؟

و : لە بەر هەندێ هۆ لە بەغداوە گوێزرامەوە بۆ شاری سلیمانی وە لە سلیمانی تیپێکی مۆسیقای تایبەتی هەبوو لەم نەخۆشخانەیە کە پۆنە خۆش و بریندارەکان مۆسیقایان لێ ئەدا منیش هەر لەم کاتەوە زۆر بە چاکی فێرە مۆسیقا بووم ۰

پ : باشە ئەم قوتابخانەیە چی بەسەر هات هەر وەك خۆی ماوە یان داخرا ؟

و : دوای ئەوەی ئینگلیزەکان بە سەرۆکایەتی (میجەر کلاین) سلیمانیان داگیر کرد ئەم قوتابخانەیە داخراو ئەو میجەرە ئینگلیزە ئەم قوتابخانەی تێك داو زۆر ئازاری ئەندامانی ئەم تیپەیدا وە لە بەر ئەوەی من کەوا هەر لە سوپای عیراق دا مابومەوە دەستم لەم مۆسیقایە هەڵنەگرتو هەر بەردەوام بوم لە سەر دەرس ووتنەوەی مۆسیقا بە قونابیەکانم ئینجا میجەر کلاین منی (نفی) کرد بۆ (فاو) وە لە دوای دا بۆ ناصریە وە توشی زۆر ئەشکەنجەو ناخۆشی و دەردە سەری بووم ۰

پ : باشە تۆ چ کتێبت لە سەر نۆتەی مۆسیقا چاپ نەکردوە ؟

و : من کتێبێکم دەرکرد لە بابەت نۆتەی مۆسیقاوە وە بە ئینگلیزی لە بەرگی کتێبەکە گفتوگۆیەدا ۰

نوسرابوو (ئایا ئەتەوێ فێری لیدانی پیانۆ بیت ؟) وە ئێستاش ئەم کتێبەم هەر ماوەو لە لای مامۆستا زاهیر موحەمەدە کە سەرۆکی تیپی مۆسیقای باواجی یە ۰

پ : باشە مامۆستا تۆ چ ئالەتێکی مۆسیقات لێ ئەدا ؟

و : ئەوەی راستی بێت من پیانۆم بەکار ئەهێنا وە پیانۆ یەکی باشم هەبو تاکو ئەم سالانەش مابو لە دوایی دا کەوتە ژێر دەستی منداڵان و شکاندیان ۰


لە کۆتایی دا زۆر سوپاسی مامۆستا عەبدول واحید دەکەین بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە وە داوا لە یەزدان دەکەین کەوا وێنەی زۆر بی بۆ خزمەت کردنی گەلەکەمان وە زۆر سوپاسی بێ پایانی کاك (ئەکرەم وکاك شێرکۆ) ئەکەم کە هەر دووکیان کوڕی مامۆستا عەبدول واحیدن کەوا یارمەتیان دام لەم ئەم نۆتەوە ۰



وە مامۆستا (رەفیق چالاك) یەکێ بوون لە قوتابیەکانم

بیرم نیە کێ بوون ئەنیا ئەزانم کە (مامۆستایان (شاکر فەتاح)





خەباتی لاوان

ئەحلام منصور

کۆنگرەی نۆهەمی لاوانی دیموکراتی جیهان لەشاری ڤارنا ڤارنای جوان ، ڤارنای سەدان ڕاپەڕینو تێکۆشان ، دوای چارەکە چەرخێك سەرکەوتن لە هەموو ڕوویەکی پێشکەوتنو مرۆڤایەتیەوە وەك دایکێکی دڵسۆز بۆ ڕۆڵە لاوەکانی هەموو سەرزەمین باوەشی کردۆتەوە ۰

لاوانیش لە ٦۳ ووڵاتەوە بەو پەڕی تواناوە بەرەو پیری ئەم هەستە جوانە چوون ، لە کاتیکا ئەم ڕۆڵە دڵسۆزانە بەیەك دەنگو بەیەك هەست داوای ووڵاتانن وە لە پێناوی ئازادی دا ئاشتیو بەختیاریو پێش کەوتن بۆ مرۆڤایەتی هەموو جیهان ئەکەن ۰

گەلێك میللەت هەن چەکی مافی ڕەوای خۆیان بسێنن و شۆڕشیان لێ کردۆتەشان و ناراستەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و داگیرکەرانیان کردووە ئیمپریالیزمەوە ووڵاتەکەیان ئازاد بکەن ۰

خوازەکان ئەچەوسینەوە گەلی فەلەستینی نەبەز کە یەکێکە لەو گەلە بەشخوراوانە کە تا ئێستاش دەربەدەری شاران و کۆنگرەکانی جیهان لە ئاشتیو بەختیاریو پێش کەوتن ، لە ساڵی ۱۹٤۸ەوە ئەم گەلە لاوەکانیان کە بەشێکن لە لاوانی جیهان هەمیشە تەقەللای ئەوە ئەدەن مافی ڕەوای خۆیان بسێنن و ووڵاتەکەیان لەدەستی زایۆنیزم و ئاغاکانیان ئازاد بکەن ۰

کە بەیارمەتی وپشتگیری ئیمپریالیزمەوە ووڵاتەکەیان داگیر کردووە و ئەتەوە بەشخوراوە ئازادی کردوون و گەلەکەیانی دەربەدەر کردووە ۰

لاوانی ئەمڕۆ ئەو هێزەن کە بتوانن گەورەترین ئامانجیان کە گۆڕکردنی شەڕەو بەرپاکردنی ئاشتیو بەختیاریە بهێننەدی وە هەرگیز لەوە سڵ ناکەنەوە کە هێزی شەڕخواز ڕێیان پێ ئەگرێ ، چونکە ڕۆژ بەڕۆژ جوڵانەوەی ئازادیو دۆزینەوەی ڕێگایەکی سەرفرازیو بەختیاری گەلان ڕووناك ترو پتەو تر ئەبێ ، چونکە هەر گەلێك هەنگاوێك بچێتە پێشەوە پشتی ئەمان قایم ترو بەهێزتر ئەبێت ۰

لەبەر ئەوە ئەبینین لاوانی فەلەستینی وەك لاوانی تری هەموو جیهان لە ڤارنا بەیەك دەنگ داوای ئازادی خاباتی ئەکەن ، لە ساڵی ۱۹٦۵ مایەوەو ڕیانێکی کۆتایی بێ هوودەیی ئەبردە سەر بەڵام لەگەڵ بەربابوونی شۆڕشی چەکدار دژی داگیرکەرانی ووڵاتەکەی دەستی دایەچەك بە ئومێدی گەڕانەوەو سەرکەوتن و ئازادی گەلەکەی وە بەشداری شۆڕشی گەلەکەی کرد ۰

وەهەروەها لاوی فەلەستین شان بەشانی ئەوەی کە لە ناو جەرگەی شۆڕش دا قوربانی ئەداو گیانی خۆی ئەبەخشێ لە ڕۆشن کردنەوەی بیروڕای سیاسی لەناو گەلەکەیدا بەشداری ئەکات و بەبیروباوەری سیاسیو پێشکەوتوانە دەرونی هاوولاتیانی جۆش ئەداو وە باوەری بە سەرکەوتن پتر پێ پەیدا ئەکات ۰

بۆ وێنە لاوانی فەلەستین یانەی وەرزشیو ڕۆشنبیری تایبەتی خۆی هەیە کە تیایدا سامانی هونەریو فۆلکلۆری سێی ناوەندی بۆ چاپ ئامادەباوەڕی پێشکەوتوانەی تیا بلاو ئەکاتەوە هەروەها دەزگای ڕاگەیاندنی خۆی هەیە کە لە ڕێگای ئەوەوە خەڵکی بە گەلی فەلەسینی پیش ئەخات وەبیرو ڕۆڵەی وڵاتێك بەم پێیە لە خەباتو تێکۆشانو چالاکی دا بێت بێ گومان هەر سەرئەکەوێت ووڵاتەکەی ئازاد ئەکات ۰

کورد لە عێراقدا ..

ئاراس

پەیدا بوو وشەی « لی ۰۰ و ۰۰ کك » هی منەو هی تۆیەو وشەی من هێشتا نەهاتبوە فەرهەنگی ئادەمیزادەوە ، هەموو شت لە ناویاندا لە گەورە تا بچوك لە باش تا خراپ هی هەموان بوە ۰۰ چونکە ئەگەر بهاتایە یەکێکیان پرسی بۆایە لە هەر لایەك بوایە خۆی تێر ئەکرد چونکە هەموو لاکانی بە کانیش لەم ڕاوو شکارەیان هەر چیەکیان چنگ بکەوتایە بێ من منو تۆ تۆیی لە ئاڵەو ماسی وەکو برا بەشیان ئەکرد ۰

« داروێن » کە زانایەکی پایە بەرزو شارەزایە لەم ڕوەوە لە چاو پێ کەوتنەکەی هۆزی «فوجیان»دا ئەڵێت ۰۰ جارێکیان پارچەیەك قوماشیان دا بە یەکێك لە ئەندامانی هۆزەکە بۆ خۆی خۆی پێ پوشتە بکا تەوەو لە سەرما بپیارێزێ ۰۰ بەڵام ئەم زەلامە قوماشەکەی پارچە پارچە کردوو دا بەشی کرد بە سەر برادەرەکانیا ۰

جا وا دیارە هەموو شت هی هەموانەو ئەم هەستەش بە جۆرێك لە مێشکیانا خۆی چەسپاندوە کە کەسیان نەیان ئەتوانیو بە تاوانیان ئەزانی لە سنووری دەربچن ۰ ئافرەت لەم قۆناغەدا دەستە لاتی لە پیاو زۆرتر بوە چونکە منداڵەکانیان لەبەرئەوەی هەردایکیان نەناسی بۆ دایکیان ئەگەرانەوە ۰

« داروێن » کە زانایەکی پایە بەرزی ئینسان داناوە و زۆر لە مفتە خۆری و پێ کارەیی تووڕە بووە و توند بە کڕ پیاوی ئەمبەڵ و ئەوەزەل دا هاتوەو گوتویەتی :

تەمبەڵی کاری حیزو بێ خێرە

دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە

فائیدەی گەر بدایە زیکر و دوعا

دەبووە قاروون گەدایی سەر ڕێگا

هەرچی بێ بەهرەیە لە کەسبی کەمال

دەبنە دەرویش و مارگر و ڕەممال

لە هەندێك ئەشکەوتا (۷۰۰) حەوت سەد کەس پێکەوە لە ژیر بنمیچێکا بەیەکسانی ژیاون ۰ بەڵام ئەوەی جێی بایەخە ئەوەیە کەڕاو وشکار سەرەنای ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم کاتە کە ئەم فەرمانە گرانە پیاوەکان گرتبویانە دەستی خۆیان ئافرەتیش فەرمانی هەرە گەورەی بە خێو کردنی منداڵ بوە پیاوەکانیش لەم ڕاوو شکارەیان هەر چیەکیان چنگ بکەوتایە بێ من منو تۆ تۆیی لە ئاڵەو ماسی وەکو برا بەشیان ئەکرد ۰

« داروێن » کە زانایەکی پایە بەرزی ئینسان داناوە و زۆر لە مفتە خۆری و پێ کارەیی تووڕە بووە و توند بە کڕ پیاوی ئەمبەڵ و ئەوەزەل دا هاتوەو گوتویەتی :

تەمبەڵی کاری حیزو بێ خێرە

دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە

فائیدەی گەر بدایە زیکر و دوعا

دەبووە قاروون گەدایی سەر ڕێگا

هەرچی بێ بەهرەیە لە کەسبی کەمال

دەبنە دەرویش و مارگر و ڕەممال

ماجی قادری تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ

واى لە شێخو خەلیفەی درۆزن و سۆفی و دەرویشی بێکارە و خوێڕی و مارگر و ڕەممالی تەوزەل و مفتە خۆر گرتوون و قسەی ئەوندە تۆندی پێ گوتون کە ڕەنگ بێ لە بەشی سپیەمی قەرنی بیستەم دا دوو پاتە کردنەوەیان بۆ ڕووناکبیرێکی کورد لە زۆر شوێنی کوردستان بە گران تەواو بێ ۰ وەك دەڵێ: خانەقا و شێخ و تەکیەکان یەکسەر پێم بڵێن نەفعیان چیە ناخر؟ غەیری تەعلیمی تەمبەڵی کردن جەمعی ئەملاك و خەزنە کۆکردن

✧

وشکە سۆفی بڵێ بەشیخی تەرمس بابە سەرمانەیە میسالی هەرەس کەر نەبێ کام مونناوەزی خەڵەتان بەن گرێدان و تا بڕین و نەفەس حاجی قادر پەندی پشتی یەکیان گرت ۰ واتە ماوەیەك بەو چەکە سەرنایینە کەوتە سەر ئەو ڕێگەیەی بە کۆمەڵ بژین چونکە تەنیایی زۆر نزیکی ئەخستبوە لە مردنو قربونیان ۰ وە کەلەکۆمەکیش سەرکەوتنی ژیانی بە دەست ئەهێنان ۰

لەم قۆناغەدا هیچ کەسێك خاوەنی مولك و مال نەبوو ۰۰ مارکسیەت دەری خستوە کە تەنانەت کەس ناویشی نەبوە هی خۆی ئەزانی و جیاوازی نەکرد لێی ئەخواردو لێی ئەنوست ۰

وەکو زاناکان باسیان کردوە پێشینانی بە لاوە بە نرخ بووە کە دەڵێ : « زگی برسی لە خورش ناترسی » و لە شیعری خۆی دا بە تەعبیرێکی دیکە بەیانی کردوە :

سۆفی وەك تەشنە بوو لە زیکری هەناو

سەد نوونژێ دەدا بەکاسەیە ئاو

شیعی وەك تەشنە بوو لە سنیە زەدەن

بە دە قەترەی دەدا حوسین و حەسەن

یا :

خواردن و سەتری عەورت و کەمال

سوکنا

با عیسی ژینە بۆ گەدا و ڕەممال

پاشا حاڵەتی وایە چی لە سەر خاکە

غەیری عیسا دەڵێن لە ئەفلاکە

حاجی وێڕای نیشانی دانی ڕێگای شۆڕشی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێگای شۆڕشی ئاپووریشی وەك پسپۆڕێکی شارەزا زۆر ژیرانە بە نەتەوە پاشکەوتووەکەی خۆی نیشان داوە ۰ ڕەنگە ئەو بیرەی لەو شیعرەی حاجی دا گونجاوە و دیارە حاجی زۆر باش شارەزای فەلسەفە بووە و لە ئاڵ و گۆڕی دەورانی مێژوویی گەیشتوە کە دەڵێ :

عیشق بازی و هەوایی دەرویشی

میللەتی خستە فەقر و بێ ئیشی ۰

لازمە خول بخۆن وەکو بەرداش

هەموو قەرنێك دەگۆڕێ ئەمری مەعاش

ئەو پیاوە مەزنە نرخی بۆ ئەو ڕووناکبیرە ڕاست گۆڕیە زۆر بە ڕوونی لە فەلسەفەی ژیان دووا وە ۰ تەوزمی مادی یاتی لە سەر بیرو بڕوای ئادمیزاد بە ڕاست زانیوە ۰ ئەو پەندەی خراوەتە ڕوو لە قەرنی نوزدە دا بە بیری کەم زانای ڕۆژ هەڵات دا هاتبی :

لە بەینی میللەتی خۆتان بە یاری

بکەن تەقسیمی شاخ و دار و پاری

یا دەڵی :

ئەمەش تەنیا نیە سووچ و خەتاتان

لە کەسبیش خافڵن میسلی مەلاتان

✧

لە بەغدا بۆچی خورما بێت و لیموون

لە بۆ دەرمان لە مال بێ ڕۆنی زیتوون

لە ئێوە کامەتان بوو یەکدوو

بڕوانە ل ـ۷ـ

ئیکتۆر جارا ئاوازێك بۆ ئێوەم شیعرەرانی ...

ڕوبار باوەشێك شەپۆلی لەگەڵ خۆیدا هەنگرتووە(۱) ۰۰
هەور ۰۰ باران ۰ خوا ۰۰ تەنیایی
گۆڕستان کپیو سامناکی هەنگرتووە ۰
تۆش لەسێبەری حزیدا
ئازاری گشت چەوساوەکانی سەرزەویت هەنگرتووە !
ئەڵێی هەموو شەقامەکان
بەرگی خوێنیان لەبەردایە !
ڕوبارەکان بوونە هەڵمو
خوێن جێگای گرتوونەتەوە ۰۰!!
ـ بەخۆت دادە ۰۰
تۆش وەك سانتیاگۆ
سەربڕۆشی خوێن بەخۆت دادە ۰۰
بەخۆت دادە ۰ ۰
بەخۆت دادە

✪

حزب چاوەکانتی فێرکرد
سوڕنەکان بترسێنێ ۰۰!
ژانەکانتی ڕاهێنا
جەلادەکان بەزێنێ ۰۰!
حزب دەستەکانتی فێرکرد
سەری چەقۆکان ببڕێت !!

✪

وەکو ژاهێکی یاخی بوو بەسەرچەقۆدا ڕادەکەی ،
بەرەو قۆناخێ مل ئەنێی
شەهیدەکان ۰۰ چاویان بڕیوەتە ئاسۆو
ژاهەکانیان بەرەو ڕووی نێزەو گوللەکان هەڵخستووە
ـ بەخۆت دادە ۰۰
تۆش بەوێنەی چەوساوەکانی شارەکەت
کراسی گوللە لەبەرکەو
سەربڕۆشی خوێن بەخۆت دادە
بەخۆتدادە ۰۰
بەخۆتدادە !


✪

ـ ڕەفیق سابیر ـ

(۱) ئەم هەڵبەستە بەبۆنەی شەهیدبوونی فیکتۆر جارای نیشتمانپەروەری شیلی یەرەدانراوە ۰

institut kurde de paris

میژووی هاد



-٣٤-

١٠٤ دیاکۆنۆف نوسیویەتی
بڕهان قانع لەفارسیەوە
کردوویە بەکوردی

ئەلف - مادی ئاتروپاتین

١ - لە ڕووباری ئاراسەوەتا کێوەکانی ئاورین داخ و قەرەداخ .

ناوچەی شارەکانی ئێستاقتورو خوی و مرند ، ئەم ناوچەیە ئاشوریەکان پێیان ئەوت (سان گی بوتو) وە لە سەدەی نۆیەم تا کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زایینی هەمووی بەشێك بووە لە (ئورارتو) وەسەرەنجامی ئەو لە دوای ئەو میژووەوە تا سەردەمی لەناوچوونی ئاشورو (ئورارتو) ڕوون نیە .

ناوچەی (سان ی بوتو)ناوچەیەکی کشتوکاڵی و پڕ بەرەکەت بو ، ئەو کێوانەی کەئەو ناوچەیەیان لە دەراوی ئاراس جیا ئەکردەوە ، وە ئەوریزە چیا هاوشاخەی کە بە دێڕی (لونکەی قتور) ناوچەی ناوبراو لە (فلات)ی ئارمەستان جیا ئەکاتەوە ، لە سەردەمی کۆندا هەمووی بە دارستانی زەبەند داڕشرا بوون .

٢ - دەراوی ڕووباری ق ەسو (ب شی خواروی ئاراس) .

سەرچاوە کۆنەکان لە بارەی ئەم ناوچەیەوە هیچ زانیاریەکی ئەوتۆ نادەن بە دەستەوە . لەدواییدا (کادوسیەکان) لەوێدا نیشتەجێ بوون .

٣ - ناوچەی دەریاچەی ئورمیەو ئەو ڕووبارانەی کە دەڕێژنە، ناو ئەو دەریاچەیەوە . ئەم ناوچەیە ئەکرێت بە سێ بەشەوە :

ئەلف - کەناری ڕۆژئاوای دەریاچەی ئورمیە -

واتا « گلیزان »ی کۆن (؟)لەسەدەی نۆیەمی پێش زایینیدا ئەمە ناوچەیەکی سەربەخۆ بووەوە لەوە ئەچێ لەدواییدا بووبێت بە بەشێك لە ناوچەی (ئورارتو)یان (مانا) وە یان لە نێوان هەردووکیشدا بەش کراوە .

ب - کەناری خواروی دەریاچەی ئورمیەو دەوروبەری چەی (چەختو) وە ئەو ڕووبارانەی کە سەرچاوەیان لە سەلماسی و دەشتی ئورمیەوە .

ئەم ناوچەیە لە سەدەی نۆیەم ناوی (زاموا)ی ناو خۆ بووە ، وە کرابوو بە چەندین شێکی دەوڵەتی سیاسیەوە وەکو (حارران ، مانا ، مسی ، وەهی ئر) . لە دراوسێی ئەم ناوچەیە دەوڵەتی (مانا)دام زرا ، وە لەسەدەی حەوتەمی پێش زایینی بە دواوە، ئەنوانیبەهەرکەزی ئابووری مادی دابێت . ئەم مانایە کە لەسەرەتاوە بنکەیەکی سەرەکی ئابووری سەرانسەری کێشوەرەکەی بووەو دوایی بووە بەهێزی مادی ئاتروپاتین .

ج - کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ئورمیە :

ئەمە سەر بە (مانا) بووە ، وەکەناری ڕۆرووی - واتا دەراوی ڕووباری ئاجی چای و ناوچەیەتەورێزی ئێستا - ئەمە سەر بە خۆ بووە . وە لەم شوێنەداهۆزی (دالیان) ئەژیان .

ناوچەی ٣ وە سێ ناوچەیبچوك (لقی)یەکەی لە ڕووی ئابوریەوە لە ناوچەکانی تربەشتر بوون ، تەنانەت ئێستە لەوانەیە لە زۆربەی ئەوشوێنانە کشتوکاڵو باخداری پیشکەوتوو بو بێت . وە لە (گیلزان) کانی مسی تیا دەر ئەهێنرا .

٤ - دەراوی ڕووباری قزلئوزن (ڕووباری سەپی) و پارچەکانی .

ڕووباری قزل ئوزون بەشێوەیەکی ماربیچی بووە ، لە دەراوی ناوبراوا چەند ناوچەیەکی تایبەتی بووە :

ئەلف - ئەگەر لە (مرداب)هەروەکو لە نزیك شاری ئیستای (ڕەشت)ەوە کەئاوەڕێژاگەی ڕووبارەکەیە (!) پێچەوانەی ڕویشتنی ئاوەکەبڕوێن لە سەرەتاوە ڕاستەو خۆ ڕووەو خواروو ئەڕوێن ، ڕووباری ناوبراو بە ناوچەی (گەیلان)دا تێ ئەپەڕێ و لە ڕێگادادەروازەیەکی تەنگی کێوەبەرزەکەی ئەلبورز ئەبڕێ . ئەویا ناوچە دارستانیەگەرمەکەیە .

قزل ئوزون بەرەو ژوور ترلەم ناوچەیە لە ژووروی ڕۆژئاواوە بۆ لای خوارووی ڕۆژهەڵات بەناو چیاکانی (ئاق داخ) (لە پال ئەلبورزدا)وە (ئاقگەدوك) ئەروات ، وە ئەو دەراوەی کە لەم ناوچەیە پێکی‌دێنێت لە ڕۆژگاری کۆندا پێیان وتوە (ئاندیا) .


ب - لە بەشی ژوروی ڕۆژهەڵاتی ئەم دەراوەوە چەمێك کە لە کۆێستانی (سەهەند)سەرەو ژێر ئەبێتەوە ، وە شاری (میانە)ی ئێستا لە قەراخیادروست بووە ، ئەو چەمە ئەڕژێتە ناو ئاوی قزل ئوزون .دەراوی ئەمچەمەو ئەو جۆگانەی ئەڕژێتە ناوبەوە لە سەردەمی‌کۆنا پێی ئەوترا ناوچەی (زیکرتو) .

ج - قزل ئوزون لە ژور ئەوشوێنەوە کە بە چەمی ناوبراو ئەگەن لە خوارەوە بۆ سەرەوەئەڕوات . بەشی سەرووی ئەو ناوچەیە - قافلانکو - (گیزیل بوندای کۆن) لە ناوچەی ژمارە ٣ (مانا) جیا ئەکاتەوە .ئاشوریەکان زۆربەیان ئەم بەشەیان بە قزلئوزونی ماد(مادای) ناو ئەبرد .

د - لێرەدا بەشی لای ڕاستی(قزل ئوزون) - ڕووباری زنجان - دەراوێکی جیا دروستئەکات (کە ئێستە کەوتۆتە دەورو بەری شاری زنجان وەپێی ئەڵێن خەمسە) .

- ماوێتی -

لاپەڕە - ٦




● دکتور مەهدی ئەڵتەعان بۆ پەیامنێری هاوکاری ئەدوێ

گەشتێك بە نەخۆشخانەکەی شەماعیەدا



● نەخۆشەکان خویان تەدەن بەحۆر ●



● ناڕەزێکی بەحوس حەریکی درومانە ●



● بەم‌بەخۆشە حەریکی دارتاشیە ●

ئەوانەیان کە بە چارەسەر کردنی پیشەیی چار ئەکرین لە کارگەکانا ئیش ئەکەن ..

لە کارگەی درومان ٣٠ مەکینەی دروماندا تیایە کە ئەمانە هەمویان ئافرەت ئیشی پێ ئەکەن ، کەلو پەلی نەخۆشەکان ئەدروون و جل و بەرگی منالانەش بۆ فروشتن بە دەرەوە ئەدرون ، هەر (١٢) نەخۆش کرێکارێکی ڕۆژانەیان لە ئەبێ کە سەرپەرشتیان ئەکات .

قاوشێکی تایبەتی ژنان لەکەو چەرچەف و کەلوپەلی منالانەی نیا فرۆشتن دانراوە ، قاوشێکی تایبەتی فرچەی گسکی تیا دروست ئەکرێ ، لە پیشانگاکەیانا ئەم شتانەمان دی : فەرشی بچوك ، گولدان ، گولی قاقەزین ، وێنە ، کورسی ، تەپڵەك ، ئەسفنج ، چەرچەف ، کەلوپەلی چنراو ، کەلوپەلی دارین ، قاپو قاجاخ ، جل و بەرگی منالان ، تابلۆی هونەری ، دەست شۆڕی ئاو ، سندوقی بچوك ، جانتای دارینە ، لفکە ، لێفەی بچوك و هەندێ شتی تر .

نەخوشە ئیشکەرەکان ڕۆژی ٣ر٣٠ سەعات ئیش ئەکەن واتا لە سەعات ٨ر٣٠ سەر لەبەیانیەوە تاکو ١٢ر٣ی نیوەڕۆ بەڵام ڕۆژ بێ‌دەنگن ..

هەریەکەی چوار کورسی لە دەورە ، هۆڵی ئامۆژگاری تایبەتیان هەیەو تەختەی ڕەشی خوێندنی تیایە ، هەمو قاوشێك ڕادیۆو تەلەفزیونی تیایە بەڵام بە جێکای بەرزەوە دانراون ، لە هەمو قاوشەکانا بە دەنگێکی نزم مۆسیقا لێ ئەدرێ ، هەر قاوشێك سیستەمێکی تایبەتی و چاودێرێکی هەیە ، چەند ژوریکی بچکولە کە هەر ژورەی دو قەرویلەی تیایە ئەمانە هیمنە ئافرەتن . ژوری ئەرماوەکانیش (٢٠) مەتری چوارگۆشەیە ئەبێو نزیکەی ١٢ بەلوعەی تیایە .

زوربەی نەخۆشەکان لە چەند هەفتەیەك زیاتر نامێنێتەوە چاك ئەبنەوە ..

جاران بە هۆی پولیسەوە نەخۆشەکانمان نەنارد ەوە بۆ لای کەسوکاریان بەڵام ئیستا خۆمان ڕاستەوخۆ تەیان نیرینەوە .. ئەگەر نەخۆشێك ناوو نیشانی کەسوکاری خۆیمان بدابێ ئەنوسین بەشوێنیا کە بێت بۆلای . ئیستا (٣٢٠) نەخۆشی ئافرەتمان هەیە .. بەرودوا (١١٢) نەخۆشی کوردمان لایە، دکتورێکی کورد کە ناوی نەجات قاوشەکان ئەکەن .

ئەو ئەرکانەی کە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەدا گەشتیکمان بەناو قاوش و کارگەکانا کردو ئەم شتانەمان دی :

قاوشی پیاوان و ژنان لە یەکێ جیان ، ناوبەینی قاوشەکان دەرکەوت و باخچەیە ، هەمو قاوشێك نزیکەی ٥٠ قەرەویلەی تەختی تیایەو چێشتخانەو ئەمەی تر، لە کارگەی دارتاشی بە چەرخ و مشاری کاربەبایی ئیش ئەکەن و کورسی و مێزی گەورەو بچوك دروست ئەکەن ، لەم کارگەیە کەرەسەی ئاسن و ئۆرمێکاش بە کار دێنن ، کارگەی قالی تەنین هەرچەند بە شێوەیەکی سەرەتایی بەڵام کەموکوڕی و پێویستەکانی خۆیان دائەپۆشێ و چەند پارچەیەکیشیان لە پیشانگاکەیانا بۆ ئەبێ .

لێرەدا لە گەڵ بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەدا گەشتێکمان بەناو قاوش و کارگەکانا کردو ئەم شتانەمان دی :

قاوشی پیاوان و ژنان لە یەکێ جیان ، ناوبەینی قاوشەکان دەرکەوت و باخچەیە ، هەمو قاوشێك ڕادیۆو تەلەفزیونی تیایە بەڵام بە جێکای بەرزەوە دانراون ، لە هەمو قاوشەکانا بە دەنگێکی نزم مۆسیقا لێ ئەدرێ ، هەر قاوشێك سیستەمێکی تایبەتی و چاودێرێکی هەیە ، چەند ژوریکی بچکولە کە هەر ژورەی دو قەرویلەی تیایە ئەمانە هیمنە ئافرەتن . ژوری ئەرماوەکانیش (٢٠) مەتری چوارگۆشەیە ئەبێو نزیکەی ١٢ بەلوعەی تیایە .

ئەوانەیان کە بە چارەسەر کردنی پیشەیی چار ئەکرین لە کارگەکانا ئیش ئەکەن ..

لە کارگەی دروماندا ٣٠ مەکینەی دروماندا تیایە کە ئەمانە هەمویان ئافرەت ئیشی پێ ئەکەن ، کەلو پەلی نەخۆشەکان ئەدرون و جل و بەرگی منالانەش بۆ فروشتن بە دەرەوە ئەدرون ، هەر (١٢) نەخۆش کرێکارێکی ڕۆژانەیان لە ئەبێ کە سەرپەرشتیان ئەکات .

قاوشێکی تایبەتی ژنان لەکەو چەرچەف و کەلوپەلی منالانەی نیا فرۆشتن دانراوە ، قاوشێکی تایبەتی فرچەی گسکی تیا دروست ئەکرێ ، لە پیشانگاکەیانا ئەم شتانەمان دی : فەرشی بچوك ، گولدان ، گولی قاقەزین ، وێنە ، کورسی ، تەپڵەك ، ئەسفنج ، چەرچەف ، کەلوپەلی چنراو ، کەلوپەلی دارین ، قاپو قاجاخ ، جل و بەرگی منالان ، تابلۆی هونەری ، دەست شۆڕی ئاو ، سندوقی بچوك ، جانتای دارینە ، لفکە ، لێفەی بچوك و هەندێ شتی تر .

نەخوشە ئیشکەرەکان ڕۆژی ٣ر٣٠ سەعات ئیش ئەکەن واتا لە سەعات ٨ر٣٠ سەر لەبەیانیەوە تاکو ١٢ر٣ی نیوەڕۆ بەڵام ڕۆژ بێ‌دەنگن ..

بەرینی نەخۆشخانەکەمان پەنجا دۆنمە .. لە سالی ١٩٥٣ وە دامەزراوە ، بیست قاوشی تیایە ، چوار دکتوری تایبەتی هەیەو حەوتیش ئیستە لە دەورەی فیربون دان ، (١٥٤٠) نەخۆشمان هەیە، پلەی سالانەی نەخۆشەکانمان خۆی ئەدات لە (٢٨٢٠) نەخۆش ، لەسالێکدا ئەمەندە دێنە نەخۆشخانەو ئەمەندەی لێ ئەچێتە دەرەوە ، تێکڕا (٢٥٤) کارێبەدەستی تیایە ، بۆ کاروباری خزمەتگوزاری نەخۆشخانەکەو نەخۆشەکان حەوت ئۆتومبیلمان هەیە ، دەرمانخانەیەکو مەدخەری داوەدرمانی تایبەتیمان هەیە .. بە شێوەیەکی تازە چارەسەری نەخۆشیەکان ئەکەین .. لە گەل چارەسەر کردنی دەرونیانا خەریکین ، هەندێك لە نەخۆشەکان کە دەستەوشێنیان لە دەرەوە دەستیان وشاندوەو خەلکیان بریندار یان کوشتوە لە قاوشێکی تایبەتیدان و دەرگاکەیان سەرکلۆم کراوە ، دوجۆری تر نەخۆشمان هەیە ، جۆری یەکەمیان کە هەست بە بونی خۆیان ناکەن ئەوانە لە قاوشی تایبەتی خویاندان و بە ڕۆژا لەباخچەکانا خۆیان ئەدەنە بەرخۆر ، جۆرەکەی تریان هەست بە ژیانو خواردنو خواردنەوەو جل و بەرگو تاریکی و ڕوناکی ئەکەنو تەنانەت ئەشی خوێننەوە ئەوانە بە ڕۆژا لەناو کارگەکانی نەخۆشخانەکەدا ئیش ئەکەنو شەوانە لە قاوشە کانیانا نانو ئەخەونو پاکی و خاوێنی هەلئە-

Institut Kurde de Paris

پۆستەی خوێنەران

× **کاك دڵشاد ئیسماعیل عیزەت :**

کورتە باسێکت لە بارەی سەرەتای بەرهەم هێنانو دەرهێنانی مسو نەوتەوە بۆ نارەدوین .. کە سەرنجی هەندێك سەرچاوەمان دا بۆمان دەرکەوت کە بەرهەم هێنانی ئەم دوو مادەیە زۆر لەوەکۆنترە کە جەنابت بۆت نووسیوین .. سەرچاوەکان ئەڵێن : لەسەدەی شەشەمو حەوتەمی پێش زایینیو بەرەوژور تریشەوە لە چیاکانی زاگروسو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتیدا مس هەبوەو بەرهەم هێنراوە .. هەروەها لە دامێنەکانی ڕۆژئاوای زاگروسو ناوچەکانی تری دەورو بەری ئاگاداریان لە بارەی نەوتەوە هەبووە ، وە لەو سەردەمەدا تەنانەت لە ئەوروپادا بە نەوتیان وتووە (ڕۆنی ماد) .. بەڵام لەو ڕۆژگارەدا نەوتئەهمییەتێکی پیشەسازی وەکو ئەمڕۆی نەبووە ، بەڵکو تەنیا بۆ سوتاندن بەکاریان هێناوە .. دیسان بۆ ئیشو کاری ساختومانو بینا سازی سودیان لە قیر (ئاسفالت) وەرگرتوە ..

× **کاك کاروان کەمال لە نیە ، بەڵام ڕۆژی دارشتنەکەی گرانە واتا هەست بە لەنگی سلێمانی :**

ئەم نوکتەیەتان لەوانی تر بە لەزەت تر :

● کابرایەك بزمارێك پێچەوانە بە دیوارێکدا دا ئەکوتێ ، برادرێکی چاوی لێی ئەبێ پێی ئەڵێ : ئەوە هینی دیوارەکەی ئەو بەرە .

× **کاك هۆشمەند :**

بەرای من ناوەڕۆکی شیعرەکەتان خراپ نیە .. بەڵام ئەگەر بڵاوی بکەینەوە زۆر کەسمان لێ ئەرەنجێ .

× **کاك عەبدوڵا مەولود :**

ئەو باسەی لە بارەی (زەردەشت)ەوە بۆت ناردوین ئەمانەوێ لە سەرچاوە کوردیانەی چونکە ئەو سەرچاوە کوردیانەی تا ئەمڕۆ لەسەر زەردەشتیان نوسیوە وەکو پێویستو بە ڕەوانی بۆ باسەکە نەچون .

× **کاك یاسین ئەحمەد بەرزنجەیی :**

(ڕەشید یاسمی و ناسر خوسرەوو قائانی) هەرسێکیان ناوەڕۆکی ئەو شیعرەیان هەریەکە بەجۆرێك دارشتوە .. شیعرەکەی ماموستا گۆرانیش (کە خوت دەست نیشانت کردوە) تا ڕادەیەك هاوبیری باسەکەیە .. لەبڵاونەکردنەوەی ببورە .

× **کاك کەریم قەزاز :**

شیعرەکەتان زۆر تر بۆ گۆرانی دەس ئەدا تاکو زەمینەی ڕۆژنامەگەری .

× **کاك سەعدوڵا مەحەمەد :**

ناوەڕۆکی شیعرەکەت خراپ نیە ، بەڵام جۆری دارشتنەکەی وا هەست بە لەنگی ئەکرێ و تەکنیکی شیعرەکان هەندێکیان بەحری (ڕەمەل)ەو هەندێکیان (موجتەس) ، ئەگەر کێشەی (نصاب الصبیان)ی فارسیو عەرەبی بە وردی بخوێنیتەوە لەو کۆسپە ڕزگارت ئەبێ ..

× **کاك نامق عومەر هەڵەند :**

ئەو باسانەی تەرجەمەت کردبون پێمان گەیشتن .. بڕام ئوسلوبی نووسینەکەتان عەرەبیێیە .. هەرچەند زیاتر خۆت لە ئوسلوبی ئەدەبی زارەکی نزیك بکەیتەوە سودی زۆر تر ەە ..

× **کاك زەئە.**

کورتە چیرۆکی (ئازارەکانم) وەکو نوسیوتە وایە ، ڕێمانایەك بەڵام ئایا لە زەمینەی ڕۆژنامەکەی ئێمەدا ئەگونجێ بەو جۆرە چارەسەر کردنی مەسەلەکە دەست نیشان بکەین ؟

× **خوشکە ڕوناك مەحەمەد :**

ئەمەندەمان لە شیعرەکەتان هەڵبژارد :

هەژارەکان لە گەلتانم
لەڕۆژی خۆشیو ناخۆشی
لە ماندو بونو ئازارا
لە گەلتانم ....
.....

× **کاك فەریدون بەرزنجەیی:**

هەرچەند دەسخەتەکەت مان بە باشی بۆ ناخوێندرێتەوە ، ئەمەندەمان لە شیعرەکەتان هەڵبژارد :

تابڵۆیەکم
بە شوێن ڕەنگەکانما وێڵم

ئافرەتانی لادێ نشین

ئەو کۆمەڵە ئادەمیزادەی کەهێشتا پێیان نەناوەتە سەرەتای ژیانی کارەباو تامی سەربەستیوخوێندەواریان نەکردوە .. ئەو چینەی کۆمەڵ کە هێشتا پاشماوەی تاریکی سەدەکانی دیلیو هەژاری ڕۆژگاری لێ تاڵکردوەو لای لێ بڕیوەتەوە کە تێکەڵ بەژیانی نوێی ئادەمیزادی‌هاوچەرخ نەبێ ..

ئافرەتی کورد زۆر لێکراوەوڵەناو زۆرجەورە نەریتیکی کۆمەڵایەتی پاشکەوتوانەدائەژی ..

بە تایبەتی لە لادێکاندا دەنگی‌بە تەواوی خەفە کراوە ، ئەو نەریتە پاشکەوتوەناو خۆیانەی‌کە داکۆکی لەسەر قازانجو مانەوەی‌دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی‌ئەکات لە هەمان کاتا هۆیەکی کاریگەری چەوساندنەوەی‌ئافرەتی کوردەواریە .

ئافرەتی کورد بە سەروسیماو ڕواڵەت ماندووو لە کیلگەو دەرو دەشتو ناومانداٹیش ئەکاتو شان بەشانی پیاو ماندوو ئەبێ ، بە دەگمەن ڕێئەکەوێ ئافرەتی کوردەواری لادی نشین خوێندوار بێ وەیان‌کەرەسەی ئاڕایشتو خۆڕازاندنەوەی هەبێ یان لە تەگبیرو مەشڕەتدا پرسی پێ بکرێ ..

باوکو مێرد لە کوردەواریدایەکەم سەرچاوەی زەوت کردنی مافی ئافرەتنو نایانەوێ ئافرەتلەو قاوغە تاریکەی سەر دەر بێنێو ئەم لاو لای خۆی ببینی . **هەرچەند لە سەتانو دانیشتنو ئیشو کاردا بێعەباو پەچو شێوە سەربەستن بەڵام دەرونیان بە هەزاران داوی‌کۆیلەیی بەستراوەتەوە .**

ئافرەتی کورد بێ پرسی‌کوسوکارو حەقدارەکانی ناتوانی دواڕۆژی ژیانی خۆی‌وژیانی خێزانیو ژنو میردایەتی دابمەزرێنی ، تەنانەت ناتوانی‌ڕۆژی زەماوەند کردنەکەشی دیاری بکات .. بڕچی ئەبێ‌ئافرەت لە زەماوەندا تارای بەسەرا دابدرێ و لە سەرەتای‌قوناغی ئەو ژیانە تازەیەدا کە لەو ڕۆژەوە دەست بێ ئەکاتبە تارای ڕەنگاو ڕەنگ سەربەستی لێ‌بشارێتەوە؟ مەسەلەی‌کڕینو فرۆشتنو گۆڕینەوە (ژن بەژن) بۆیە باس ناکەینبۆتە بنیشتەخۆشەی ژێردەوان .

بڕچی ئەبێ لە مەسەلەی‌پێکهێنانی خێزانێکی نوێ دا ئافرەت وەکو کەرەسەیەکی‌بازرگانی بێو بیێتە هۆی کۆگرتنی ئابوری دەرەبەگەکانویانلە هەندێك شوێندا ئافرەت ئەکەن بە هۆی سڕینەوەی‌تاوانێکی ناڵەبار کە لە دەست پیاو ڕویدابێو شیوەنی پێ‌ئەکەن بە شایی ..

- ڕوناك مەحەمەد ئەمین -

پاشماوەی : بابزانین چۆ رەت دەکاتەوە

رێنووسەوە ، دەگەڕێمە سەر ئەو باسەو بەپێی توانا باسی ئەوە دەکەم کە شێعرو ئەدەب دیاردەی قۆناخەکانی خەباتی گەلن .

جاری لەم باسە تێدەپەڕم و تەنیا پرسیارێك لەکاك دڵشاد دەکەم : ئەگەر ئەم دوازدەخاڵە « کۆنن و توانای باوەش کردنەوەیێکی ووریایی یانەیان نییە بۆ ئومێدو ئاوات و خۆزگەو خەونەکانی گوردی مرۆڤ » ئەدی تازەکانیان کامەن ؟ ریزکردنی وشەی وەك خەون و خۆزگەو ئومێدو کوردی مرۆڤ و مرۆڤیانەو شتی وا هاسانە . مامۆستا دڵشاد باشتر بوو خاڵە تازەکان نیشان بدا . ئەو « زانستو تەکنەلۆژیای نوێ »یە نیشان بدا کە کۆمەڵی کوردەواری تێدایە . دەبوو ئەو « نوێ »یە نیشان بدا کە « لەسەر بناغەیێکی واقیعی ، ماددی ڕاستو ڕەوان داڕێژرابێت » .

کەسێك کە بۆچوونو نووسینو لێکدانەوەی نووسەرێك بە « فووتێ کردنو ئیحساس خرۆشاندن » بزانێ، دەبێ لانی کەم خۆی «ئالترناتیف» یەك نیشان بداو شتێکی تر لەچێگای ئەو دابنێ . نەك هەر بە سەردێرێکی قەبەو ڕیزکردنی وشەی گۆیا ئەدیبانە (ڕەتی) کاتەوە .

بابێینە سەر ئەو بەشە « لاوازە »ی کە مامۆستا دڵشاد وەك ئەدیبێك بە « باسێکی لاواز »ی داندێ :

تاریکو ڕوون دیوانێکە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی دەوێ . شی کردنەوەی هەر غەزەلە شیعرێکی ئەم دیوانە پێویستی بەشارەزایی و کارلەسەرکردنو لێوردبوونەوەیەکی زۆر هەیە . دوکتور قاسملوو ئیدیعای نەکردوە کە دیوانی مامۆستا هێمنی شی کردوتەوەو لێی کۆڵیوەتەوەو لەبارەی ئەدەبیەوە وەك بەرهەمێکی تەنیا ئەدەبی لێکیداوەتەوە . دوکتور قاسملوو لەپێشەکیەکی چەند لاپەڕەیدا ، شێعرەکانی هێمن وەك (ئاوێنەی قۆناخەکانی خەباتی گەلی کورد) لەبارى سیاسیەوە نیشان دەدا کە کاك دڵشاد پێی وایە هەموو ئەو شێعرانەی کە لە کۆمەڵدا دەخوێنرێنەوە ، ئەدەبیشن و ئەدەبیش بن ، بەڵکو ئەدەبیەتەکەیان بەهۆی ئەو ناوەڕۆکە سیاسیەوە دەبێ بە ئاوێنەی قۆناخەکانی خەباتی گەلی کورد . ڕیئالیزمی ڕەخنەگرانە لە ناوەڕۆکی شێعرەکانی هێمن دا بەتەواوی بەرچاو دەکەوێ . » دوکتور قاسملوو لەپێشەکیەکەیدا ، شێعرەکانی هێمن وەك (ئاوێنەی قۆناخەکانی خەباتی گەلی کورد) لەبارى سیاسیەوە نیشان دەدا کە کاك دڵشاد پێی وایە هەموو ئەو شێعرانەی کە لە کۆمەڵدا دەخوێنرێنەوە ، ئەدەبیشن و ئەدەبیش بن ، بەڵکو ئەدەبیەتەکەیان بەهۆی ئەو ناوەڕۆکە سیاسیەوە نیشان دەدا کە کاك دڵشاد پێی وایە هەموو ئەو شێعرانەی کە لە کۆمەڵدا دەخوێنرێنەوە ، ئەدەبیشن و ئەدەبیش بن ، بەڵکو ئەدەبیەتەکەیان بەهۆی

ناوی ئەنێت چی؟

هەندێ لە رۆژنامەکانی ئەمەریکا هەواڵیکیان بڵاو کردۆتەوە کە گوایە ، هەموو ماموستای قوتابخانەکانی شاری نیورك هەریەکە جیهازێکی لاسلکی بچوکیان ئەدەنی ..

ئەویش نەك لەبەر شتێك کەپەیوەندی بەدەرس وتنەوەوە فێرکردنەوە هەبێت .. بەڵکو لە ترسی قوتابیکانیان ئەوە جیهازانە هەڵگرن .. چونکە هەتا ئیستا زیاد لە جارو دووجار قوتابیانی زۆر لە قوتابخانەکانی ئەو شارە پەلاماری ماموستاکانی خۆیانیان داوە .. جا کاربەدەستان بۆ سەلامەتی ئەو ماموستا کلۆلانە ئەو جیهازی بێتەلانەیان ئەداتی تا لەکاتی تەنگانەدا هاواری پێبکەنو بێن بەدەنگیانەوە ..

سەیر ئەوەیە کاربەدەستانی ئەمەریکا هەندی ڕێگایان داناوە بۆ پارێزگاری ماموستاکان لە تەعەداو لیدانی قوتابیکانیان جێبەجێ کردنی ئەو شتانە سالی ١٢ ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینار لەسەر حکوومەت ئەکەوێت .

خۆشە بە لام کەمە!

ئەشێ جوتیار ، کرێکار ، پۆلیسی ، عەسکەر هەتا حەسحەسیش مان بگرێتو خۆنیشاندان بێك بێنێت ، بەڵام سۆالکەر !! ئەوە ئەوسا دەبێتە شتێك کە هەر مەپرسەی ناوە ... ئەی ئەگەر سۆالکەرانی شارێك خۆنیشاندانێکیان پێك هێنا ، ئەبێ داخوازیان چی بێت؟

هەندێ لە رۆژنامەکان هەواڵیکی سەیریان بڵاو کردۆتەوە ، هەواڵەکە ئەوەیە کە گوایە سۆالکەرەکانی شاری (پەنجالۆر) لە هندستان خۆنیشاندانێکی گەورەیان کردووە ، دژی ئەوەکە حوکمەت سکەی بیستەو (فلس) دوو بیستەیی لێ ئەدات .. سوالکەرەکان داوایان لە حوکمەت کردووە کە لە سکەی پێنج بیستەیی کەمتر لێ نەدات .. چونکە لە پێنج بیستەیی کەمتر نەبوو ، ئەوسا خێرەومەند بەلای کەمەوە پێنج بیستەیەکیان ئەدەنێ .. خۆ ئەگەر بیستەو دوو بیستەیی هەبوو ئەوە ئەوانەیان دەدەنێ بەو جۆرە زیانێکی زۆریان لێدەکەوێت .

سەرۆکی هەیئەتی سۆالکەرانی ئەو شارە بە « ئاژانسی بریس ئاسیا ئەنترنا شیونال »ی ڕاگەیاندووە ، کە گوایە بەردەوام ژمارەیەکی زۆر سوالکەر لەبرسانا دەمرن .. حوکمەت ئەگەر نیازی پاکی هەبێت کە ئەو سۆالکەرانە لەمردن رزگارکات .. ئەبێ لەمەو لا سکەی بیستەو دوو بیستەیی لێ نەدات .

ڕاوکردن قەدەغەیە

کە کوبا یاسایەك دەرچووە ، هەرچی ئەو یاسایە ڕاوکردنی گیان لەبەری خشۆك قەدەغەکراوە ، ئەویش لە ترسی قاڵاچۆ بوونیان .. ئو یاسایە (ماتانزاس)ی گردووە بە ناوچەیەکی پاراستنی خشۆك و جێگای زاوزێو بەخێوکردنی تیمساح .

بەڕۆژی هەورو تەم ڕێگا بزر دەکات و بەنارەحەت دەتوانی بگاتە مەنزڵی وە چەند دنیا سایەقە بێتو ڕۆژ بەدەرەوە بێتو تەمومژو هەور کەمتر بێت ، ئەوەندە بۆ ئەو باشترەو .. خۆشتر ڕێگا دەبڕێتو ئاسانتر ڕێگا هەڵدەگرێت .

بەم سەرنجەدا دەستەیەك لە زاناکانی چوونەتە سەر ئەو باوەڕەی ، کە وا کۆتر خۆر دەکات بەنیشانەو ، وەك قیبلەنەما خواروخۆری ڕێگای پێ دەدۆزێتەوە .

بەڵام دەستەیەکی تر لەزانا ئەڵمانیو ئەمەریکایەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە کۆتر توانای ڕێگا هەڵگرتنو شارەزایی ڕێگاڵێ تێك نەچوونی لە چاویدایە .

لەباسی کۆتری نامەبەردا ، وەك زانراوە کۆتری نامەبەر بیر دەکەوێتەوە ، کە نامەیان بەبااڵی کوترا بۆیەکتر ئەناردو ، کۆتریش بەوپەری دڵسۆزی ئەمینیەوە نامەکانی بەیەکتر دەگەیاندن .

وەك زانراوە مرۆڤ لەزەمانی فیرعەونەکانی میسرەوە کۆتری لە نامە هێنانو بردندا بەکار هێناوە ئەوەی ئەم ڕاستیەیە ساغ ئەکاتەوە ئەو تابلۆیەی بەردینەیە کە وێنەی شایی ڕەمسیسی دووهەمی لەسەر دروست کراوەو لە سەر سەرەیەوە چوار کۆتری سپی هەریەکەیان بەلایەکدا داویانە لەشەقەی باڵ .

بۆڕ بۆڕێنی کۆتر .. تا دووسەد ساڵ لەمەوپێش نەزانرابو تا ئەویارە لەوسا کەوە لە بەلچیکاوە داکەوت .. خەڵکی ئەو ولاتە تا ئیستاش خوڵیای ئەویاریەیان هەر لەکەلەدایە و بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی ئەو ولاتە لەهەموو جێگایەکی تر کۆتربازی زۆرتر لێیە ، ژمارەی دانیشتوانی لەشەش ملیون کەس تێ ناپەڕێت کەچی پتر لە ٢٠٠ هەزار کۆتر بازی تێدایە .. دوای بەلجیکاش بەریتانیا دێت پلەی سێهەمو چوار هەمی مەیدانی کۆتربازی ئەڵمانیاو هۆڵەندە گرتوویانە .

کۆتر یەکێکە لەو گیاندارانەی زۆر دڵسۆزە بۆنیشتمانی خۆی و بژهەرکوێیەکی بەرن دڵی هەر لە جێگاو هێلانەکەی پێشووی خۆیەتی .

لەمەیدانی فڕینو پێشکەوتنو خێرایدا ، جاران ئەگەر کۆترێك ٥٠٠ کیلۆمەتر بفریایە ئەوە بەعەجایبات و شتێکی سەیر دانرا بەڵام ئەمڕۆکە بەهۆی پەروەردەی چاك و ڕەسەن کردنی کۆتری بۆربۆرێنەوە ، دەتوانێت هەزار کیلومەترە بە (٩) سەعات ببڕێت ، بەخێرایی (١١٠) کیلومەترە لە سەعاتێکدا ، بەبێ نیشتنەوەو وچان گرتن ئەوەی ئاشکرایە کۆتر هەر بە ڕۆژ دەفڕێت ..

ئەبێ ئەوە لەیاد نەکەین ، کە بەتەنیا گورچو گۆڵیو خێرایی جیاوازی نێوان کۆتری بۆڕبۆڕێنیش وەك کۆتری نامەبەر گەلێك جیاوازی لەگەڵ کۆترەکانی تردا هەیە ، لەو جیاوازیانە .. هەستی ڕێکا دۆزینەوەی زۆر بەتینە ، ئیسقانەکانی ئەستورو بەتینن ، پەروبااڵی جوانترو قایمترن ، لەشی کەورەترو گورچو گۆڵیو تەندروستیشی لەوانی تر چاکترە .. وە دواشت ئەویە کە ئیجگار بەوەفایە بۆنیشتمانەکەی خۆی .

ڕۆشن

کردوویەتی بەکوردی

کۆتری نامەبەر چۆن ڕێگای لێ ووە ناپێت؟

ئۆرکسترا لە ئەڵمانیا



ئەڵمانیا لەمەیدانی ئورکسترادا بەیەکێ لەوڵاتە پێشکەوتۆکانی دنیا دانەنرێت . ڕۆژگار ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە ئەو نەتەوەیە یەکێکە لەو میللەتانەی شەیدای مۆسیقایە .. خەڵکی ئەو ولاتە حەزی لە هەموو جۆرە مۆسیقایەکە ، بۆیە کاربەدەستان هەوڵێکی چاك ئەدەن تا مۆسیقا بکەنە شتێکی نزیکە دەست بۆ خەڵکی هێندەی زۆرکەن هەموو کەس بتوانی گویی لە مۆسیقا بێت . لە ئەڵمانیا گویی منااڵن لەپۆڵی یەکەمی سەرەتاییەوە بە مۆسیقا ڕادەهێنن ، لەقوتابخانە دا وەك دەرسەکانی تر بایەخ بەمۆسیقا دەدرێت ، ئەمەبێجگە لەو قوتابخانانەی کە تەنیا دەرسی مۆسیقا دادەدنو ٣٪ی قوتابیانی ئەو ولاتە رووی تێدەکەن .. لە ئیزگەی ڕادیوو تەلەفزیونیش ماوەیەکی چاك بۆ مۆسیقالیدان تەرخانکراوە ، لەو ماوەیەدا مۆسیقای کۆنو نوێ تیادا بڵاو دەکەنەوە .


بەبایەخ ترین ئاهەنگ ، ئاهەنگی مۆسیقایە ، لەو لەو ئاهەنگانەدا سیمفونیاتو مۆسیقای سووکەی تیادا پێشکەش دەکرێت ، وەزۆر جار بلیتی ئەو ئاهەنگانە پێش دەستپێ کردنیان تەواو دەبێتو هەمووی دەفرۆشرێت .

دەیان تیپی مۆسیقا لەو ولاتەدا دامەزراوە کە ئەوانە ئیشیان هەر لێدانی مۆسیقایە ، کە حەزیان لە مۆسیقایە .. بۆ لەگەڵ ئەوانەشدا سەداتیپ دڵخوشکردن بەخۆرایی مۆسیقا لەلایەن ئەو کەسانەوە دامەزراوە بۆ خەڵکی لێدەدەن .

پلنگەکانی سێرکس

ئەو سێ پلنگە جوان و نەشمیلەیە ، لەسیرکسی مۆسکۆدا لەدایك بوون .. تائێرە هەواڵەکە شتێکی سەیری تیادانیە .. بەڵام سەیرلەو هەواڵەداو ئەوەی سەرنج ڕائەکێشی ئەوەیە ، ئەو جۆرە پلنگە لەڕەگەزی (یوسوری)یە ، کە زۆر بەدەگمەن لەناوقەفەسو شوێنی قەبزو تەنگەبەردا دەزێیت .. ئەو سێ بێچووەدایکو باوکیان لە سیرکسا ئیش ئەکەنو بە جووتە پرۆگرامێکی سەرکەوتووی خۆش پێشکەش دەکەن ..

« ستیبان دینیسوف »ماموستای دایکوباوکی ئەو بێچوانە ئەیەوێت لە ئێستاوانەمانیش بۆ سیرکس ڕابێنێت ، بەڵام گلەیی لیان هەیەوئەڵێت .. ئەوسێ برایە هێندە چەتووەنو بزێون تووشی گیروگرفتێکی زۆرمان ئەکەن ، لەسەر ئەو بێمارەیەشیان سزانادرێن .. ئەڵێی چی ؟ مناڵ .. هەر منااڵەو لۆمەی منااڵ ناکرێت ..



ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی نیشتمانی ١٥٦ی ساڵی ١٩٧٤

ڤۆیێك لەرایوردووە

ئەمارام

ڕۆژنامەی (پیشکەوتن)ژمارە (٦١) ٢٣ جون ١٩٢١ - بۆدائرەی پیشکەوتن -

لەڕۆژی ١٠و ١١ جون ٩٢١مەیداندا ری ولاخو پیاوی گەورەو منداڵی مکتەبزۆرانگرتن وبازبردنو نیشان پێکهێنان کرا .

لە غارکردنا ماینی حسێنبك لەناو بیست ولاخدا دەرچوو حەفتاروپیە خەڵاتی وەرگرت . لەبازدان بەسەر داردا جەنابی حاکمی سیاسی کاپتان دگلسی صاحێب لە هەموکەس زیاتر بازی داو کەسی نەگەیشتێ . لەراکردندا پیاوی احمد بگی قائمقام (باقی) بەرکەوتوپیە نجاروپیە خەڵاتی وەرگرت ، لەقوتابیەکانی مکتب لە صنفی دووەمی ئولی محمدی مامە خان پێشکەوتو بیست روپیەی وەرگرت . لەزۆران گرتنا میرزا عسکر دووسی کەسی دابەعەرزاو چل روپیە خەڵاتی وەرگرت . لە نیشان پێکانداحمد بك قائمقام وعزت بك عثمان پاشا وابراهیم افندی نائب دووەم لەهەموکەس زیاتر نومرۆیان وەرگرت بەڵام ابراهیم افندی بەنومرۆ لە احمد بگو عزت بك زیاتربوو ، گولەکەی تصادفی مرکزکردبو ، هەشتا روپیە ولەطرف خان بهادیر عادلەخانم بە اموستیلەیەکی قیمتدار خەڵات کرا .

محاسبەچی وباشکاتب عموم
سیاسی جاف وألجە
عبدالعزیز

تێبینی :

ئەحمەد بەگی قائمقام ، مەبەستی لەئەحمەد موختار جافی شاعیرە کەلەوکاتەداقائمقامی هەلەبجەبوە ، عادلەخانیش خانمی وەسمان پاشایەکەئەوسا (لقبی خان بهادیر) ی لەلایەن ئنگلیزە کانەوە پێ بەخشرابوو .

بەسێك لەکەلپور

لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە تەنەی مرۆڤ لە ئەمڕۆدا وەدی هێناوەو سەرەڕای ئەو هەموو جۆرە ڕابواردنەی کەهەیە میللەتان تا ئەمڕۆش پارێزگاری کەلپوری نەتەوایەتی خۆیانیان کردووەو ئەوکەلپورانەیان فەرامۆش نەکردووە ، لەزۆر کاتو شوێنو بەهۆی زۆر شتەوە ئەوکەلپورانە دەهێنەوە یادو بەسەریان دەکەنەوە ، هەموو سەماو مۆسیقای نوێو تازە بابەت نەیان توانیوە هەڵپەرکیو سەماو گۆرانیەمیللییەکان لەیاددابسرنەوەو لەبیر خەڵکەکەی ببەنەوە ... هەڵپەرکێ میللیەشێکی هەرە خۆشەویستی کەلپوری نەتەوایەتیەو پارێزگاریو نیشاندانی ئاسانەو تا بلوکانی دیمەنێکی جوانو دڵفرێنن حەز بە بینینیان دەکەن . وەك لای خۆمان لە کوردەواریدا باوە .. لای میللەتانی دیکەش هەڵپەرکێ میللییەکان هەوێنی بەزمو ڕەزمو کاتی خۆشیەیە ، ئەوانیش بە شانازیەوە ، ئەو هەڵپەرکیو سەماپانەیان پاراستووەو وە چاوەڕوانی ئەورۆژۆکاتانەن کە بتوانن ئەو هەڵپەرکییانەی تیادا نمایش بکەن . ئەگەرچی لەلای ئێمە بەدەگمەن ڕێك دەکەوێت ، کە گرتبوو بەسەر خانۆکەی شاری سانتیاگۆشیدا .

وەهەر لەڕۆژانی یەکەمی سەرگرتنی کودیتا خوێناوێکەی ئەو ولاتە ، کاربەدەستە خوێن ڕێژەکانی ئەو ولاتە کتیبخانە هونەرێکەی بابلویان تااڵن کردبو . هەروەك بابلو خۆشی لەو کودیتایە لەمانگی ئەیلوڵی سااڵی پارداسەری تیادا چوو ..



دەست بە سەر ماڵی نیرۆدا دا گیراوە

کاربەدەستە فاشستەکانی شیلی دەنگی خاتوو « ماتیلدە ئورنیا »ی کۆنە ژنی بابلو نیرودایان داوە کە خانۆکەی دورگەی نیگرا چۆڵ کات .. پێش ئەوەش کاربەدەستە فاشستەکانی شیلی دەستیان

چینی یەکان

پزیشکە چینێکان تۆانیویانە قورقوراکەیەکی شێرپەنجاوی بەیەکێکی دەستکرد بگۆڕن ، دوای عەملیاتەکە ئەوەی دەرکەوتووە کە قورقوراگەی دەست کردەکە هیچی لە وە بگرە لە هەندێ لایەنەوە لەویش بەکارترو چاکترە .

پزیشکە چینێکان قورقوراکەی دەستکردەکەیان لە جۆرە نایلۆنو پالاستیکێك دروست کردووە کە زۆر حەساسەو ئەو دەنگەی لێشیەوە دێت زۆر خۆش و دڵگیرە .

چێنێکان ئەم نهێنیەیان لە پێشانگایەکی وێنەی فۆتۆگرافی دا ئاشکرا کرد ، کە لە جەزایر کردبوویانەوە .. لەو وێنانەدا هەموو بڵەکانی عەملیاتو ئەو جۆرە عەملیاتانەیان نیشان دابوو کە کردوویانەو تیایدا سەرکەوتوون ...

لە نارەزایی بەنچی خۆی ئەقڕێنێ

کچە قێتنامیەك لەبەرچاوی عەشامانێکی زۆر پەنجە یەکی دەستی خۆی قرتانووەو نامەیەکی بە خوێنی پەنجەی نووسیوە ، داوای لە فەرمانڕەوای سایگون کردووە ، کۆ ، واز لە فەرمان ڕەوایی بهێنێت .. تا ئەو گەلە گلۆلە لە قەشکەنجەی زۆرداری تەو بحەسێنەوە .